

بســـم الله الرحمن الرحيم

## پێڕستی بابەتەکانی ژمارە ( 7 ) :


| پەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
| --- | --- | --- |
| ٢ | ڕێبازی پێغەمبەران لە بانگەشەیان بۆ لای خوای پەروەردگار ................................ | سەرنووسەر |
| ٣ | چەند نموونەیەکی جوان بۆ ناسینی هاوڕێیەتی ......... | شیلان عوسمان . ك . پ . چەمچەماڵ . کوردی |
| ٤ | گرنگی بیروباوەڕ ........................................................ | پ . إدريس محمود |
| ٥ | شوێنەوارە خراپەکانی تاوان و سەرپێچی ( بەشی یەکەم ) ................................ | م . مجيد . كفری |
| ٦ | زیانەکانی تاوان و سەرپێچی ............................ | م . پشتیوان حسن . ك . ز . E . سلێمانی |
| ٧ | چوار سەرچاوە بۆدواندنی خود ........................................ | ئارام . کۆلیژی یاساورامیاری |
| ٨ | پێشکەوتن خوازان و دواکەوتن خوازان ................................ | بیلال جەلال . پ : فیزیا . کەلار |
| ٩ | برینەکەیان کولاندەوە ............................................................ | م . عثمان أحمد . بیرکاری |
| ١٠ | دوو ڕووی و جۆرەکانی ................................ | هۆشمەند أمین . ز . کۆیە عرەبی . قەڵادزێ |
| ١١ | حوکمی نوێژی موسافر ...................................... | کاروان حەمە باقی . عەرەبی . کلار |
| ١٢ | کورتە باسێك سەبارەت بە قورئان ................................................................ | زانست |
| ١٣ | با قەدری زانایان بزانین .............................. | هاوکار محمود . زانکۆی کۆیە . کۆلیژی ئەندازیاری |
| ١٤ | کورتەیەك دەرباری ... ئەڵقەی یەکەم : قورئانیەکان : ................ | فلاح حسن : ئیگلیزی . صلاح الدين |
| ١٥ | هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان قورئان وسوننەت لە وەرگرتن و ......... | جهاد قادرعلی ، عەرەبی ، قەڵادزێ |
| ١٦ | خۆشەویستی لەنێوان کوڕان و کچان .............................. | هیوا زیرەك .ك . پ . کەلار . کوردی |
| ١٧ | گەڵاکان دەوەرن ............................. | رانیا خالد . ز . صەلاحەدین .ك. ئەندازیاری . شارستانی |
| ١٨ | عبدالله ی کوڕی ئوم مەکتوم لەمەیدانی تێکۆشاندا .......................... | م . بشتیوان محمد . عربی |
| ١٩ | دەستەواژەی مێژوو نوسان لە شێواندنی مێژودا ........................ | م . علی محمد علی .کۆمەڵایەتی |
| ٢٠ | بۆ ئەو ئافرەتانەی دادپەروەرن لەویژدانیاندا (ئەڵقەی یەکەم ) ............................. | پ . أحمد محمد |
| ٢١ | ئاو چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە ...................................... | حیدر عدنان . دەرمانسازی . هەولێر |
| ٢٢ | ئاگەدار بن زۆربەمان نەفرەت لێکراوین !!! .............................. | م . هاوار عبدالله . کۆمەڵایەتی |
| 24 | Ethics with Allah the Great and Almighty ................................ | م . رزگار محمد . E |


تێبینی : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بلاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەلام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بلاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراویش بێت .

✍ بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بلاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .

Zanest@Gawab.com

Zanest119@gmail.com

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی : **www.ba8.org** بکە .

سەرنووسەر :
عدنان بارام قادر

دەستەی نووسەران :
هاوار عبدالله محمود
رزگار محمد کریم
فلاح حسن
علي محمد علي

## ڕێبازی پێغەمبەران
## لە بانگەشەیان بۆ لای خوای پەروەردگار

ڕۆژگـار و واقعـی ئێستای موسڵمانان لـەڕووی ئاینـەوە ڕۆژگـارێکی نـاخۆش و پـڕ لـە تـەنگ و چـەڵەمەیە بـەهۆی بـێ ئاگایی موسڵمانان بەرامبەر بە بیروباوەڕ و یەك خواپەرستی خـوای گـەورە ، و دووبـەرەکی و دابەشبوونیان لـەڕێبازدا و پشت گوێ خستنی بڵاوکردنـەوەی ئیسلام بەو شێوەی کە پێغەمبەری خوا لەسەری بووە ﷺ ، و ئەو ڕێبازەی کە ئەم میللەتە پێی باش بووە ... ئەم ڕۆژگارە ناخۆشە بێگومان وای لەچەند کەسانێکی دڵسۆز کردووە کە هێز و توانایان بخەنە گڕ بۆ گۆڕانکاری وچاککردنی ئەم خراپی و ناتەباییە ، بەڵام ئـەم کەسـانـە جیـاوازن لـەڕێگا و چـۆنێتی چاکـسازی ئـەم ڕۆژگـارەدا بـەهۆی جیاوازییـان لـەڕووی بنـەمای عەقیـدە و دروشـم و ڕێبـازەوە ، بەشێوەیەکی پەرتـەوازە وجیـاواز ، کـە هەریەکـەیان دەیـان ساڵە ئـەوە ڕادەگەیـەنن کـەوا چاکسازی دەکـەن بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەرکەوتن و سـەرفرازیان تۆمارنەکردوە ! بەڵکو بونەتە هۆکاری گێرەشێوێنی و ئاژاوە و هێنانی بەڵا و پەژارەی گەورە بەهۆی ئەو بیروباوەڕو ڕێبازەی هەیانە ، کە پێچەوانەی ڕێبازی پێغەمبەرە ﷺ وئەوەش کە هێناویەتی ، ئەمانە شوێنەوارێکی خراپی بـەجێ هێشتووە لـەوەی کـە موسڵمانان بەتایبـەتی گـەنجان لـە دڵـە ڕاوکـێ و شڵەژاویدا بن لەچۆنێتی چارەسەرکردنی ئەم ڕۆژگارە ، ولـە مێشکی هەمووان ئەم پرسیارە دروست دەبێت کە : ڕێگای بە سوود و سەرکەوتوو چیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم سەردەمە ؟

وە لــە وەڵامیشـدا دەووترێت : ڕێبـازی پێغەمبــەران ــ علیهم السلام ــ نموونەیی ترین ڕێگەیە بۆ ئەو مەبەستە ، کە گرنگی دانە بە یەك خواپەرستی ( التوحیـد ) پێش هـەموو شتێك ، چونکە ئەم ڕۆژگارە بەئازارە خراپ تر نیە لەوەی کـەوا عـەرەب لەسـەری بـوون لـە سـەردەمی نەفامیـدا ( الجاهلیــة ) لەکاتێکدا خوای گەورە پێغەمبەری ئیسلامی بۆ نارد ، چونکە ئەمڕۆ پەرتووکێك هەیە بەبێ هیچ کەم وکورتیەك کە قورئانە ، لە گـەڵ ڕونکەرەوەکەی کە سوننەتە ، لە گـەڵ بـوونی کۆمـەڵی ڕزگــاربوو کــەوا لەســەر حــەق و ڕاسـتین تـا ڕۆژی دوایــی بـەهۆکاری ئەمانـەوە خـەڵکی هیدایـەت وەردەگـرن بـۆ ڕێگـای ڕاست و بانگەشەی خـەڵکی دەکەن بۆ ئیسلامی ڕاستەقینە چی لــە ڕووی بیروبـاوەڕەوە بێـت یـان لــەڕووی عیبـادەت و هەڵسوکەوتوو ڕێبـازەوە بێـت ، بێگومـان ڕۆژگـاری عـەرەب لەسـەردەمی نـەفامی دا هاوشـێوەیە لەگـەڵ ئـەوەی کـە موسڵمانێکی زۆری لەسەر دەڕوات لەم ڕۆژگارەدا ، لەسەر ئەم بنەمایە دەووترێت : چارەسەر ئەو چارەسەرەیە پێغەمبەر ﷺ کردی ، بەو شێوەی کـەوا پێغەمبـەری خودا چارەسـەری ئەو نەفامیـەی کـرد ، ئەمــڕۆش هــەر بــەو شێوەیە پێویسـتە لەســەر بانگــەوازخوازانی ئیـسلام هــەموویان چارەسـەر و چاکسازی بکەن لەخراپ تێگەیشتن لـە مـانـای ( لا إله إلا الله ) ، بۆ چارەسەرکردنی ناهەمواری بــەو شێوەی پێغەمبـەر ﷺ چـارەسەری ڕۆژگـاری خـۆی کـردوە ئـەم مانایـە زور ڕوونـە ئەگەر لەم وتەیەی خودای گەورە بکۆڵینەوە کە دەفەرمووێت : ﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ﴾ ( الأحـزاب : ٢١ ) ، واتـە : بەڕاستی پێغەمبەری خـودا چاکترین نموونـەی ڕێـك وپێکی و سەرمەشقە بۆتان .

پێغەمبـەرمان ﷺ لـە هـەموو کـات و شـوێنێکدا باشترین پێشەوایە بۆ چارەسـەرکردنی قەیرانی موسڵمانان لـەجیهانی ئێستا دا ، وە ئەمەش ئەوەمان لێ داوا دەکات کەوا دەست پێ بکـەین بـەوەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەسـتی پێکـرد بەچاککردنی ئـەو خراپەکارییـەی کـە هەیـە لـە بیروبـاوەڕی موسـڵمانـاندا پاشـان لـە عیبـادەت پاشـان لـە ڕەوشـت و هەڵسوکەوتدا ، هەر ئەوەشە کاری هەموو پێغەمبەران ، ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللَّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ ﴾ ( النحل : ٣٦ ) ، واتـە : بێگومـان بـۆ هـەموو میلـەتێك پێغەمبـەرێکمان نـاردوە بـۆ ئـەوەی پێیـان بڵـێ : تـەنها خـودا بپەرستن و لـە پەرسـتراوەکانی تـر دووربکەونـەوە پەرسـتراو بێـت یـان شوێنکەوتراو یان گوێڕایەڵی کراو .

کەچـی سـەرەڕای ئاشـکرایی و ڕوونـی ئـەم کـارە دەبینیت بانگەوازکاران گرنگی نادەن بەم بنچینە ڕەسەنە و بەپایەی یەکەم لەپایەکانی ئیسلام کە تەوحیدە کە لە یەکەم پێغەمبەرەوە کــە ( نــوح ) ە ــ علیه الســلام ــ و کۆتاو دواپێغەمبـەریش کە محمدە ﷺ هـەر پێداگیری و گرنگیـان بەم بنەوایە داوە .

ئەمـەش بەڵگـەیـەکی یەکلاکەرەوەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە گـرنگترین شـتێك کـە بانگـەوازخوازانی ئیسلامی ڕاستەقینە بەبەردەوامی گرنگی پێ بدەن بریتی یە لە بانگەوازکردن بۆ یەك خواپەرستی .

هەروەکو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بەکردار و فێرکردن ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت :

بەکردەوە : پێویستی بەلێکۆڵینەوە نیە ، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ لەکاتێکدا لەناو مەککەدا بوو کردەوەو بانگەوازی زۆر کات بریتی بوو لەبانگەوازکردنی گەلەکەی بۆ یەك خوا پەرستی بەبێ شەریك بۆ دانانانی .

هەروەها فێرکردنی : وەکو لە فەرموودەی ( صحیح ) دا هاتووە کە : " کاتێك پێغەمبەر ﷺ ( معاذ ) ی کوڕی ( جبل ) ی نارد بۆ وڵاتی یەمەن پێی فەرموو : " لیکن أول ماتدعوهم إليه : شهادة أن لا إله إلا الله ، ... الخ " ( رواه البخاري : ١٣٩٠ ، و مسلم : ١٩ ) ، واتە : با یەکەم شتێك بانگەوازی ئەوانی بۆ دەکەیت بریتی بێت لە : شایەتیدان بەوەی هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق شایەنی پەرستن بێت جگە لە ( الله ) .

کە زۆر بەداخەوە لەبەر گرنگی پێنەدانی بانگەواز خوازان موسڵمانانی ئەمڕۆ سەرەڕای شایەتی دانیان بە ( لا إله إلا الله ) تێ نەگەیشتوون لەماناکەی بەباشی ، بەڵکو بەپێچەوانەو هەڵگەڕاوی لەماناکەی تێگەیشتوون ، چونکە دەبینیت کە دەڵێ ( لا إله إلا الله ) لەگەڵیدا کەسانی تری دەپەرستێت !!!

ئەمەش زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە لەسەر هەمووان بەتایبەتی بانگەوازخوازانی ئیسلام بانگەشە بۆ یەك خوا پەرستی بکەن و هەوڵ بدەن بۆ فێرکردنی ئەو کەسانەی کە بەپێچەوانەوە لەمانای ( لا إله إلا الله ) تێگەیشتوون و نەشارەزان بەمانای ڕاستی ئەم وشەیە ، و بەپوختی بۆ موسڵمانانی ڕوون بکەنەوە ، لە گەڵ ئەو شتانەی کە پەیوەستن پێیەوە ، وەك ئیخلاص تیایدا و خۆشویستنی و ئەوەش کە پێی هاتووە و ڕاستگۆیی لە ووتن ، و کارپێکردنی ... هتد .

بەڵام ئەبێت ئەوە بزانرێت کە پێویستی گرنگی دان بەلایەنی بیروباوەڕ مانای ئەوە نیە کەوا لایەنەکانی تری شەریعەت پشت گوێ بخرێ لەوانە ( عیبادەت ، هەڵسووکەوت ، معاملات ، ئاکارەکان ) بەڵکو پێویستە لەسەر بانگەوازخوازان هەڵگری ئیسلام بن بەتەواوەتی نەك بەشێکی هەڵگرن و واز لەوانی تر بهێنن ، چونکە کاتێك دەووترێت : کە بانگەوازخوازانی ئیسلام گرنگی تەواو بدەن بەگرنگترین شت کە ئیسلام هێناویەتی ، ئەویش ئەوەیە موسڵمانان فێری بیروباوەڕێکی ڕاستەقینە بکەن کە هەڵقوڵاوی مانای پیرۆزی ( لا إله إلا الله ) بێت بێ پشتگوێخستنی لایەنەکانی تری .

بانگەوازکردن بۆ بیروباوەڕی ڕاستەقینە پێویستی بەهەوڵ وکۆششێکی گەورە و بەردەوام هەیە : بنەمای گۆڕانیش بریتیە لە : پاڵاوتن و و پەروەردە ( التصفية و التربية ) ، بۆیە پێویستە هەموو کات جەخت لەسەر دووخاڵی بنەڕەتی بکرێت کە بنەمای گۆڕانکاریەکی ڕاست و دروستە ، ئەو دووخاڵەش بریتین لە : ( التصفية و التربية ) واتە : پاڵاوتەکردنی بیروباوەڕی خەڵکی پاشان پەروەردەکردنیان لەسەر ئیسلامی ڕاستەقینە .

بۆیە دەبێت لەم ڕۆژگارە و هەموو سەردەمێکدا گرنگی بدرێت بە پاڵاوتن و پەروەردەکردن و بانگەشەکردنی خەڵکی بۆ بیروباوەڕی ڕاستەقینە ، هەموو کەس بەپێی توانای خۆی وە خودای گەورەش تەکلیف ناکات تەنها بەپێ ی توانا نەبێ ، وە سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری هەموو جیهانان .

**سەرنووسەر**

# چەند نموونەیەکی جوان بۆ ناسینی هاوڕێیەتی

✍ لوقمانی دانا بەکوڕەکەی فەرموو : کوڕی شرینم ئەگەر ویستت هاوڕێیەتی کەسێك بکەیت لە سەرەتادا تووڕەی بکە ، ئەگەر لەکاتی تووڕە بوونەکەیدا بەوویژدان بوو ئەوا کەسێکی باشە ، ئەگینا لێی دوور بکەورەوە و خۆتی لێ بپارێزە .

✍ پێشەوامان ( علی کوڕی ئەبو تالیب ) . خوا لێی ڕازی بێت . دەفەرموێت : هەموو سۆز و خۆشەویستیت بۆ هاوڕێکەت بنوێنە ، بەڵام هەموو دڵنیایی خۆتی بۆ ڕۆمەکە ! هەموو ناڕەحەتی خۆتی بدەرێ ، بەڵام هەموو نهێنییەکی مەدەرێ .

✍ خەلیفە مەئموون دەفەرموێت : (( هاوڕێ سێ جۆریان هەیە : جۆرێکیان هەموو کاتێ پێویستن وەکو هاوڕێ خاوێنەکان ، جۆرێکیان وەکو دەرگاوان لە چەند کاتێکدا پێویستن وەکو شەرع زانەکان ، جۆری سێ هەمیان وەکو دەرد و ژان وان ، هیچ کاتێ پێویستت پێیان نییە ئەوانیش خراپە کاران و دوو ڕووانن )) .

**شیلان عوسمان . ك . پ . چەمچەماڵ . کوردی**

## گرنگی بیروباوەڕ

الحمد لله وحده ، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده، وبعد :

ئەوەی مرۆڤ بەختەوەر و دڵخۆش دەکات و لە تاریکی و ناڕەحەتی دەریدەکات بەرەو ڕووناکی و سنگ فراوانی بریتیە لە بیروباوەڕێکی ڕاست و درووست ، بیروباوەڕێك لەگەڵ فیترەتی مرۆڤدا بگونجێت، و دوور بێت لە خورافیات و شتی پڕوپووچ ، بیروباوەڕێك مرۆڤ لە بێئامانجی و بێ بەرنامەیی ڕزگاربكات و هانی بەگەڕخستنی توانا فیکری و جەستەییەکانی بدات ، بیروباوەڕێك هۆکاربێت بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی نموونەیی کە یاسای پڕ لە دادپەروەری خوای پەروەردگاری تێدا جێبەجێ بکرێت، کە تەنها ئەو شتانە لەخۆ دەگرێت کە بەرژەوەندی ڕاستەقینەی مرۆڤی تێدایە جا ئەو بەرژەوەندیانە بەرژەوەندی کەم وەختی دونیایی بێت یان بەرژەوەندی هەمیشەیی دواڕۆژ ، نەك بەرژەوەندیەکی ناوپووچ کە ئامانج لێی تێکدانی ژێرخانی ڕۆشنبیری وئەخلاقی وکۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بێت .

هەموو مرۆڤێك مافی خۆیەتی پرسیار بکات ئایا ئێمەی مرۆڤ بۆچی درووست کراوین ؟!

ئایا بە بێ هوودە و بێ مەبەست وەکو هەندێك کەسی کاڵفام ئەو قسەیە دەکەن ؟!

یان بۆ مەبەستێکی گەورە و گران و بۆ هەڵگرتنی ئەمانەتێك درووست کراوین کە بە نرخترین و بە بەهاترین شتە ؟!

وەڵامی پرسیارەکەت لە کتێبێکدایە کە هاو وێنەی نیە و ئەگەر هەموو مرۆڤ و جنۆکەش کۆببنەوە ناتوانن یەك وشەی لێ بگۆڕن یان کتێبێکی وەکو ئەو دابنێن کە ئەویش قورئانە ، وەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ ( سورة الذاريات : ٥٦ ) ، واتە : من جنۆکە و ئینسانم درووست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە بە تاك و تەنهایی من بپەرستن .

ئەوەیە مەبەستی درووستکردنمان ( یەکخواپەرستی ) چونکە نە لە ڕووی شەرعەوە و نەش لە ڕووی عەقڵیشەوە گونجاو نیە بۆ تۆ کە جگە لە خوا کەسی تر یان شتی تر بپەرستیت چونکە خوا بە جوانترین شێواز درووستی کردوویت پاشان ڕزق و ڕۆزیشی پێ بەخشیویت پاشان ئەوەندەی نیعمەت پێ بەخشیویت مرۆڤ سەرسام دەکات!!

ئایا گونجاوە لە پاش هەموو ئەو نیعمەتانە بچیت شتێك یان کەسێك بپەرستیت کە زیان و سوودی بەدەست نیە !!

ئیسلام وەکو تاکە دینی حەق کە کۆکەرەوەی هەموو شتە باشەکانە و تەواو و بێ کەم و کورتیە ، بیروباوەڕێکی بۆ مرۆڤی موسڵمان داناوە کە دەیپارێزێت لە سوکی و زەلیلی ، عیززەت و سەرفرازی دونیا و قیامەتی پێ دەبەخشێت ، دیارە بەهۆی کەم بوونەوەی زانستی شەرعی و نەزانی زۆرینەی خەڵکی و پیلانی نەیارانی ئیسلامەوە ئەم بیروباوەڕە ئیسلامەتیەش وەکو بوارەکانی تری دین خورافیات و شتی بێ کەڵکی تێکەڵ کراوە کە ئایینی پاکی ئیسلام لەو شتانە دوورە و لێی ( بريء ) ە ، بۆیە ئێمەش بە پێویستمان زانی لە ڕێگەی بڵاوکراوەی ( زانست ) ی هەفتەنامەوە بەشێك لە بیروباوەڕی ئیسلامەتی بۆ ئێوەی فێرخواز لە زنجیرە بابەتێکدا ڕوون بکەینەوە و تیشکی بخەینەسەر ، بۆ ئەوەی ئێمە و ئێوەی خۆشەویستیش بە بەرچاو ڕوونیەوە خواپەرستی بکەین و خۆمان لە لاساییکردنەوەی ئەم و ئەو و شوێنکەوتنی بێ بەڵگە بپارێزین ، و وەکو ئەو کەسانەمان لێ نەیەت کە بە هۆی دوورییان لە بیروباوەڕی پاکی ئیسلامەتیەوە هەر ڕۆژێك میوانی سەر سفرەیەکن و بە بەهایەکی دونیایی کەم ئەو بیروباوەڕەیان دەفرۆشن کە بەدەستهێنانی بەهەشتی پێوە بەندە و هەرکەسێك لێی لابدات دواڕۆژی تاریك و دونیای وێران دەبێت ، خوای گەورە لە یەکخواپەرستان قبوڵمان بکات ، کە بەهەشتی پڕ لە ناز و نیعمەتە و شوێنیانە و لە هاوبەش بڕیاردەرەکان بمانپارێزێت کە شوێنیان دۆزەخی پڕ لە ناڕەحەتی و زەحمەتە ، اللهم آمين .

**پ . إدريس محمود**

**ئیمامی شافعی . بە ڕەحمەت بێت . دەڵێت :**

(( ئەگەر لە کتێبی مندا شتێکتان پێش چاو کەوت کە پێچەوانەی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو ، ئەوا بە ووتەی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن و قسەی من بەلاوە بنێن )) .

# شوێنەوارە خراپەکانی تاوان و سەرپێچی

## ( بەشی یەکەم )

( ابن القيم ) . بە ڕەحمەت بێت . لە کتێبی ( الداء والدواء ) دا باسی شوێنەوارە خراپەکانی تاوان و سەرپێچی دەکات و دەفەرموێت :

سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار چەند شوێنەوارێکی خراپ و نەویستراوی هەیە کە زیان بە دڵ و جەستە دەگەیەنێت لە دونیا و دوارۆژدا کە تەنها خوای گەورە خۆی ئەندازەکەی دەزانێت ، لەو شوێنەوارانە :

**١ـ بێبەش بوون و لە دەستدانی زانست و زانیاری :**

چونکە زانست روناکییە و خوای گەورە دەیخاتە دڵەکانەوە ، و سەرپێچیش ئەو روناکییە دەکوژێنێتەوە ، کاتێ ئیمامی شافعی لە بەر دەستی ئیمامی مالك دا دانیشت و دەستی بە خوێندنەوە کرد ، ئیمامی مالك زۆر سەرسام بوو کاتێ ئەو هەموو زرنگی و وریاییەوە و ئەو زیرەکی و تێگەیشتنە بێ وێنەیەی بینی فەرمووی : من وا دەبینم خوای گەورە روناکییەکی خستوەتە دڵتەوە بۆیە بە تاریکی سەرپێچی مەیکوژێنەوە .

ئیمامی شافعی لە جێگایەکی تردا دەفەرموێت :

شكوت إلى وكيع سوء حفظي      فأرشدني إلى ترك المعاصي

وقــال اعلم بأن العلم فضل      وفضل الله لا يؤتاه عاص

واتە : شکایەتی خراپی لەبەرکردنی خۆمم لای وەکیع کرد ، ئەویش ڕێنمویی کردم بە وازهێنان لە سەرپێچی کردن ، پێی وتم : بزانە کە زانست فەزڵ و چاکەیە ، فەزڵ و چاکەی خواش کەسی سەرپیچیکار بە دەستی ناهێنی ، وەکیع : مامۆستای ئیمامی شافعییە .

**٢ ـ بێبەش بوون لە رزق و رۆزی :**

لە ( المسند ) دا هاتوە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( إن العبد ليحرم الرزق بالذنب يصيبه )) ( حسن : صحيح سنن ابن ماجه للألباني ، برقم : ٩٠ ، و ٤٠٢٢ ) واتە : بێگومان بەندە بێبەش دەبێت لە رزق و رۆزی بە هۆی تاوانێکەوە کە ئەنجامی دەدات ، جا هەروەکو چۆن تەقوای خوای گەورە دەبێتە هۆی بە دەستهێنان و دەستکەوتنی رزق و رۆزی ، ئەوا وازهێنا و دەستبەردار بوون لە تەقوا دەبێتە هۆی هەژاری ، باش بزانە کەوا هیچ شتێك نییە ببێتە هۆی بە دەستهێنانی رزق و رۆزی وەکو وازهێنان لە سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە .

**٣ ـ دڵتەنگی کەسی سەرپێچیکار و بەدیکردنی بچڕانێك لە نێوان خۆی و خوای گەورەدا :**

بەشێوەیەك هیچ تام و چێژێك هاوتای نابێتەوە و بەراوردی لە گەڵدا ناکرێت ، هەرچەندە هەموو تام و چێژەکانی دونیای بۆ کۆ بکرێتەوە ئەوا ئەو دڵتەنگی و بچڕاندنەی نێوان خۆی و خوای بۆ قەرەبوو ناکرێتەوە .

ئەمەش هیچ کەسێك هەستی پێناکات تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە دڵەکانیان ژیانی تێدایە ، چونکە (( ما لجرح بميت إيلام )) ، واتە : هەرگیز برینی کەسی مردوو هیچ ئازارێکی نییە .

جا ئەگەر خەڵکی واز لە تاوان بهێنن تەنها لە بەر ئاگاداری و وریایی لە کەوتنە ناو ئەو دڵتەنگی و بچڕانەوە ئەوا شایەنی ئەوە بوو هەموو کەسێکی هۆشیار و ژیر وازی لێبهێنێت .

کابرایەك شکایەتی ئەو دڵتەنگی و ساردییەی ناخی خۆی بۆ هەندێ لە خواناسان کرد ئەویش پێی فەرموو :

إذا كنت قد أوحشتك الذنوب      فدعها إذا شئت و استأنس

واتە : ئەگەر تاوانەکان بوونەتە هۆی دڵتەنگیت ، ئەوا وازیان لێبهێنە و خۆت رابهێنە لە سەری تا دڵخۆش بیت .

هیچ کارێك نییە تاڵتر بێت لە سەر دڵەکان وەکو دڵتەنگی لە ئەنجامدانی تاوان لە سەر تاوان ، خوای گەورە پشت و پەنایە.

**٤ ـ ڕوودانی ساردی و بچڕانێك لە نێوان خۆی و خەڵکیدا ، بە تایبەتی لە گەڵ چاکەکاراندا :**

کەسی سەرپێچیکار ساردی و بچڕانێك لە نێوان خۆی و خەڵکیدا بەدیدەکات ، جا تاکو ئەو بچڕانە زیادی کرد و بەهێزتر بوو ئەوا لێیان دوور دەکەوێتەوە لە خۆیان و لە دانیشتن لە گەڵیاندا ، دەبێتە هۆی بێبەش بوونی لە بەرکەتی سوود وەرگرتن لێیان و لە تاقم و گرووی شەیتان نزیك دەبێتەوە بە ئەندازەی ئەوەی لە تاقم و گرووی خوا دوور کەوتوەتەوە ، ئەو بچڕان و دابڕانەش بەهێز دەبێت تاکو مەحکەم دەبێت و دەبێتە هۆی بچڕان و ساردی لە نێوان خۆی و خێزان و منداڵ و خزمەکانیدا ، هەروەها لە نێوان خۆی و ناخی خۆیدا ، بۆیە دەبینی هەردەم دابڕاوە تەنانەت لە گەڵ ناخی خۆیدا .

هەندێ لە پیاوچاکانی پێشین فەرموویانە : (( من سەرپێچی خوا دەکەم ، ئەنجام و شوێنەوارەکەی لە ڕەوشتی خێزان و وڵاخەکەمدا دەبینم )) .

**م . مجید . کفری**

## زیانەکانی تاوان و سەرپێچی

لە ڕاستیدا ئەوەی کە پێویست بێت بزانرێت لەبارەی تاوانەوە ئەوەیە کە هەموو تاوانێك زەرەر و زیانی خۆی هەیە لەسەر ئەنجامدەرەکەی بە تایبەتی وە لەسەر کۆمەڵگاش بە گشتی ، وە بێگومان کاریگەرییەکەی لەسەر دڵ وەکو ژەهر وایە بۆ جەستە ئەوەش بە گوێرەی گەورەیی تاوانەکە و خراپێتی ، وە بێگومان هیچ بەڵا و نەهامەتیەك نیە چ لە دونیادا وە چ لە دواڕۆژیشدا کە هۆکارەکەی تاوان و سەرپێچی نەبێت . چی بوو بە هۆی دەرکردنی باوکە ئادەم و دایکە حەوامان لە بەهەشت ؟ لە بەهەشتێك کە شوێنی لەزەت و خۆشی و کامەرانیە بۆ زەوییەك کە شوێنی غەم و پەژارە و دەرد و نەهامەتیە . وە چی بوو بە هۆی دەرکردنی شەیتان ( ئیبلیس ) لە مەلەکوتی ئاسمانەکان و نەفرەت لێکردنی ؟ وێنە و باسی کرا بە خراپترین و ناشیرینترین وێنە و باس ، ئەو سەرپێچیە بوو کە کردی لە فەرمانی خوای پەروەردگار کە بووە هۆی گۆڕینی نزیکی لە خوای پەروەردگارەوە بۆ دوژمنایەتی خوا . بەسە بۆ خراپیەتی تاوان و سەرپێچی کە وای کرد دانیشتوانی زەوی هەمووی غەرقی ئاوبوون و خنکان وە ئاو گەیشتە بەرزترین لوتکەی چیا ! وە چی وایکرد بایەکی سامناکی خێرا بێتە سەر گەلی عاد لەلایەن خوای پەروەردگارەوە هەتا هەموویانی لە ناوبرد و وەکو دارخورمای خوراوی لێکردن و کردنی بە وانە و پەندێك بۆ گەلانی تر هەتا ڕۆژی دوایی . ئایا خراپی و زیانی تاوان نەبوو کە وایکرد دێیەکانی گەلی ( لوط ) بەرز بکرێنەوە بۆ ئاسمان بەشێوەیەك کە فریشتەکان گوێیان لە دەنگی سەگەکانیان بوو ، ئینجا بە هەڵگەڕاوەیی درا بە زەویدا و سەروژێر کراو هەموویان تیاچوون پاشان بە شوێنیدا لە ئاسمانەوە بەردباران کران ، بەو شێوەیە خوای باڵادەست دوو شێوە سزا و تۆڵەی لەسەر کۆکردنەوە کە بەسەر هیچ گەلێکی تردا نەیهێنا بوو جگە لەوان . و یاخود چی بوو بەهۆی غەرق بوونی فیرعەون و شوێنکەوتووانی لە ئاودا و ڕەوانەکردنیان بۆ ئاگر ، وەکو ( ابن القیم ) ـ رحمه الله ـ فەرموویەتی : (( فالأجساد للغرق والأرواح للحرق )) .

خوێنەری یەکخواپەرست : ئەوەی باسکرا مشتێکە لە خەروارێك چونکە ئەگەر بە درێژی باسی ئەو گەلانە یاخود باسی زیان و کاریگەرییە خراپەکانی تاوان بکەین ئەوا پێویست بە چەندین کتێب و نوسراو دەکات کە هێشتا هەر تەواو نابێت چونکە بەردەوام خوای کاردرووست بە هۆی ئەو تاوان و سەرپێچیانەی مرۆڤ دەیکەن سزا و کارەسات بێنێتە سەرمان وەکو چۆن لە باسی بەنی ئیسرائیلدا دەفەرموێت : ﴿ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَن يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ ﴾ ( الأعراف : ١٦٧ ) . بەڵام هەرجارە و بە شێوازێکە جیا لەوی تر جارێکیان بە کوشتن و ڕووخانی وڵات و وێرانکردنی ، جارێك بە کاربەدەستێکی زاڵم و نایەکسان ، جارێك بە بوومە لەرزە و لافاو و ... هتد . بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمەی موسڵمان بە چاوی پەند و وانەوە بڕوانینە ئەو دیاردانە و لە خۆمانەوە دەست پێبکەین و ئەو تاوانانەی لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئەنجامما‌ن داوە و فەرامۆشمان کردووە لە ئێستا زووتر نیە تەوبەیان لێبکەین و پەشیمان ببینەوە لە کردنیان و بڕیاری دووبارە نەکردنەوەیان بدەین چونکە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ فەرموویەتی : " كل بني آدم خطاء وخير خطائون التوابين " .
جگە لەوەش ئێمەی موسڵمان نابێت تاوان و سەرپێچی بە سادە و ساکار سەیر بکەین و بە گرنگی نەزانین ، تۆ دەبێ بیر لە گەورەیی ئەو پەروەردگارە بکەیتەوە کە تاوانەکەی بەرامبەر ئەنجام دەدەیت نەوەك سەیری گەورە و بچوکی تاوانەکە بکەیت ، چونکە هەر تەنها تاوان و گوناهە دڵی مرۆڤ ڕەش و ڕەق دەکات ئەگەر تەوبە نەکات ، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إن المؤمن إذا أذنب ذنبا نكت في قلبه نكتة سوداء ، فإذا تاب ونزع واستغفر صقل قلبه ، وإن زاد زادت ، حتى تعلو قلبه ، فذلك الران الذي ذكره الله عزوجل : ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾ ( سورة المطففين : ١٤ ) " ( صحيح الترغيب والترهيب : ١٦٢٠ ) .

م . **پشتیوان حسن . ك . ز . E . زانکۆی سلێمانی .**

**داناییەك دەڵێت :**

زانست و کردەوە دوانەیەکن دایکیان هیممەت بەرزییە ، و نەزانی و دەست بەتاڵی دوانەیەکن دایکیان تەمبەڵییە .

## چوار سەرچاوە بۆدواندنی خود یان بەرنامە ڕێژی خود

مەبەستمان دواندنی خود یان بەرنامە ڕێژی خود ئەوفاکتەرانەی کەگاریگەریان هەیە لەسەر خو و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان هەرلە تەمەنی منداڵیەوە تا تەمەنی گەورەبوون ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانە لەژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگدەداتەوە ، و کەسایەتی مرۆڤەکان دیاری دەکات .

**سەرچاوەی یەکەم : دایك وباوك :** ئایە بیرت نایەت چەند دەستەواژەیەکیان پێگوتوی وەکو . تۆ تەمەڵی ناتوای بەپێی پێویست ئیش بکەی تۆ شپرزەی تۆ لە فلانەکەس دەچی لە گەمژەییدا ... ئەگەر وێنەی زۆرینە بیت ئەوە بۆ تۆ ناکاو نیە وەکو د.هلیمیستەر لەنوسینێکدا ( چی دەڵیت کاتێك لەگەڵ خۆت قسەدەکەیت ؟ ) ئەڵێ ( لەماوەی نێوان ١٨ساڵی یەکەم ماندا گریمانە بکەین لەخێزانێکی مامناوەندی باش گەشە بکەین ئەوە زیاتر لە ( ١٤٨٠٠٠ ) جار پێت ئەڵێن ( مەکە ) یان ئەو ( کارە مەکە ) بیربکەرەوە ( ١٤٨٠٠٠ ) سەرسام بونت ئەتگەیەنێتە لوتکەو ئەوەش بزانە لە هەمان ماوەدا ژمارەی پەیامە باشەکان لای د.هلیمیستەرەوە لە ( ٤٠٠ ) جار تێناپەڕێ بێگومان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە دایك و باوك خراپن ، بەڵکو بەداخەوە نەیان توانیوە پەی بە ڕگەیەکی باش بەرن ، چونکە ئەوانیش بەهامان شێوەو ڕێگە پێگەیێنراون لەلایەن باوانیانەوە. لەدوایدا هەڵدەستن بە پەروەردەکردن.بەهەمان شێوەی نەشیاو و خراپ بەبێ مەبەست بەڵکو لەو پەڕی خۆشەویستیاندا ، لەدوو نوسیندا ( ڕێگەی ژیان ) د.جیمس ویات ودسمول ئەڵێن ( کاتێ تەمەنمان گەیشتە ٧ ساڵی ئەوا لە ٩٠٪ بەهاکانمان لە ئەقڵماندا پاشەکەوت دەبێت ، وە کاتێك تەمەنمان گەیشتە ٢١ ساڵ ئەوا هەموو بەهاکان لەئەقڵماندا جێگیر دەبێ ) بەم ڕێگەیە گەورەدەبین ئامادە و بەرنامەڕێژ دەکرێن یانەشیاو دەبێ یاشیاو .

**سەرچاوەی دووەم : قوتابخانە ( خوێندنگە ) :** ئەگەر بیهێنینەوە یادی خۆمان لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایدا ، بیگومان بەچەند هەلوێستێك تێپەڕیوین کە بەلاتەوە قورسبووە ، بۆ نمونە جارێك داوات کردووە لە مامۆستا لەخاڵێك باش نەگەیشتویت تازیاتر بۆت ڕون بکاتەوە بەلاّم وەلاّمی مامۆستا بەر شویەکی ناخۆشەوە (( ئایا تۆ ناتوانیت لە هیچ شتێك بگەیت )) بێگومان هەموو قوتابیەکان بەگاڵتە کردنەوە لەم هەڵوێستە دەڕوانن .

**سەرچاوەی سێهەم : هاوڕێیان :** هاوڕێیان هەندێکیان لەسەر هەندێکتریان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەریەك هەیە بەشێوەیەك لەوانەیە ببێتەهۆی گوێزانەوەی خووە خراپەکان بۆ یەکتر ، وەك جگەرە کێشان خواردنەوەی مەی و بیرە بەکارهێنانی مادەی بێهۆشکەر وە هەڵهاتن لەقوتابخانە ... هتد .

لەڕاستیدا زۆرینەی ئەوانەی سەرنجیان ڕاکێشراوە بۆ جگەرە کێشان بەکاریگەری کەسانی ترەوە بووە کە ئەمەش زیاتر لەنێوان تەمەنی ( ٨ ـ ١٥ ) ساڵیدایە زانایانی دەرونناسی ئەم تەمەنەیان بەماوەی ( پەیڕەوی کردن بەکەسانی دیکە ) ناوزەد دەکەن . لەم تەمەنەدا منداڵاّن بەچاولێکەری لەکەسانیتر ڕەفتاردەکەن .

**سەرچاوەی چوارەم : ڕاگەیاندن :** د.ابراهیم فەقێ لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدا لەسەر لاوانی ئەمریکا کە چۆن کاتەکانیان بەسەردەبەن ، لە ئەنحامدا دەرکەوت لاوان لەتەمەنی گەشەیاندا نزیکەی ( ٣٩ ) کاتژمێر هەفتانە بەتەماشاکردنی تەلەفیزیۆن کات بەسەردەبەن ، ئەگەر منداڵێك ببینێ گۆرانی بێژێك یان ئەکتەرێکی بەناوبانگ کە بەشێوەیەکی دیاریکراو رەفتاردەکات ئەویش هەڵدەستێ بەچاولکردنی ئەگەر ئەو کارە رەفتارێکی ناشرینیش بێت ، نمونە لەسەر ئەمە یەکێك لەگۆرانیبێژە بەناو بانگەکانی جیهان لەیەکێك لە ئاهەنگەکانیدا دەرکەوت جل وبەرگەکانی بەشێوەیەك پۆشیوە بەشێك لەسکی دەردەکەوێت ، ئایا دەزانی چی روویدا ؟ لەهەمان هەفتەدا زیاتر لە ( ٥٠ ) هەزار لاو جل و بەرگیان بەو شێوەیە پۆشی .

**سەرچاوە : هێزی بڕیاردان لەمرۆڤدا ، د . إبراهیم فەقێ .**

**ئارام . کۆلیژی یاساورامیاری**

# پێشکەوتن خوازان و دواکەوتن خوازان

الحمد لله رب العالمين ، وصلاة والسلام على إمام المرسـلين ، وعلى آله و صحبه الغر الميامين ، وبعد :

ئازیزانم پێش هەموو شتێك باشترین ڕوون کردنەوە بۆ ئەم وشانەی سەرەوە گەڕانەوەیانە بۆ سەر ئەو زمانەی کە ئەم وشانەیان بەسەردا سەپێنراوە بۆ ئەوەی مافی خۆی بدەینێ لە ڕوونکردنەوەدا ، کە ئەویش زمانی عەرەبی یە ، ئەم دوو وشە لە زمانی عەرەبیدا واتە ( التقدمية و الرجعية ) ، وشەی " الرجعية " وەکو ( ابن المنظور ) لە ( لسان العرب ) دا هاتووە دەڵێ : چاوگەکەی تێنەپەڕە و واتاکەشی ئەوەیە کە بڵێی بەکەسێك : گەڕاندمەوە بەگەڕانەوەیەك ، گەڕایەوە بە گەڕانەوە . مەبەستی ئەوەڵ و ئەخیر لەم وشەیەدا گەڕانەوەیە بۆ دوا بۆ کۆن .

وە لەم سەردەمەی خۆماندا بە واتای گەڕانەوە بۆ کۆن و دواکەوتوویی و نەفامی و نەزانی و ... بەکاردێ ، کە مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کوێرەوەری و زوڵم و جەور و ستەم و خورافات و تروهات و هەموو پەککەوتن و شپرزی و داماوی و کەساسیەك .

وە ئەم مانایانەش دەبیستن لە زاری خەڵکی خۆیەوە !!! بەڵام با بیشزانین وشەکە لە لایەن ئەوروپیەکانەوە بەکارهینرا بەرامبەر بە پیاوانی کەنیسە و لەلایەن ئەو کەسانەی کە بیریاری زانستی فیزیکی و بیرکاری و فەلەکی بوون . بەداخەوە دوای ئەوان چاو بەستراوانی نێو مۆسڵمانانیش بێ یەك و دوو وشەکانیان هێنا و بەکاریان هێنا بە پەرچی ئیسلامدا دایانەوە .

بێ ئەوەی بەراوردی جیاوازیەکانی نێوان ئەو دینەی کەنیسە بەرپای دەکرد و ئەوەی ئیسلام بەرپای دەکات لە واقعی ژیاندا .

با گوێ لە کەسێکی خاچ پەرست بگرین جیاوازیەکان باس بکات : جوزیف مکیب لە کتابی ( مدنية العرب في الأندلس ) دا دەڵێت : ئەو کاتەی کە موسوڵمانان هاتنە رزگارکدنی ئەندەلوس خەڵکی خاچ پەرستی ئەو وڵاتە هیچ نەزان و کوێرەوەر و ڕۆخاوی ئەخلاقی و نەخوێندوار و دڕندە و زەلیل و ڕەزیل و زاڵم و بەربەری بوون ، ئەوەی واتای مرۆڤایەتی بێت نەیان بوو ، هەندێکی زۆر زۆر کەم نەبێت خوێنەواریان تیا نەبوو ، بەڵام موسوڵمانەکان لەوپەڕی هەیبەت و فام و دانایی دا هاتنە ئەو وڵاتەوە ، هەم دینەکەیان بانگەوازی بۆ سەلامەتی حاڵ وماف و ژیان دەکرد هەم خۆشیان ژیر وشیك وپتەوحاڵ بوون .

هەر ئەم نووسەرە دەڵێت : بەڵام ئەوەی جێی باسە خاچ پەرستەکان تەنها ڕێگەیەك بۆ سەرکەوتنیان ئەوەبوو کە شوێنی زانست و بیر و دانایی موسوڵمانان بکەون کە کردیان ، ئەوەبوو دەهاتنە لای موسوڵمانان بۆ فیربوونی خوێندەواری و دواتر زانستەکانی تریان وەرگرت بە تێپەربوونی کات و پێشکەوتن .

جا ئیسلام گەورەترین دینی پێشکەوتنە ، دژی کۆنە پەرستی و دواکەوتووییە و بانگەشەی بەرەو پێش چوون دەکات بەمانا ساغەکەی ، بەڵام دوژمنانی ئەم دینە هێرشی ئەکەنەسەر بەنێوی ئەوەی کە دینی دواکەوتووییە ، کە مەبەستیان گەڕانەوەی خەڵکە بۆ دواوە و دواکەوتوویی بەهۆی دینی ئیسلامەوە .

بەڵام لە ڕاستی دا هەموو پەیوەست بوونێك بە ڕابردووەوە دواکەوتووی و کۆنەپەرستی نیە ، وە هەموو لاف وگەزافیکی تازەیش واتای پێشکەوتن نیە ، بەڵکو پێویستە سەنگی هەموو شتێك بە تەرازووی ڕاستی و واقعی و دەرەنجامی شتەکە بپێوین .

جا ئەگەر مانەوە لەسەر ڕابردوو تەقلید و سەهۆڵبەند و کوت و متی هەڵە کردنەکان بێت کە شوێنەوار و دەرەنجامەکەشی دیارە ئەوە بەڕاستی شایتەی ڕەتکردنەوە و حاشا لێ کردنە ، نەك لەبەر ئەوەی کۆنە بەڵکو لەبەر ئەوەی باتڵ و خراپ و گەندەڵە و بۆماوەیەکی نەنگە .

تازە و تازە گەریش ئەگەر بونیاد نرا لەسەر حەق و ڕاستی و چاکی و چالاکی و پاکی کە ئەمیش دەرەنجامی خێر و چاکە و ڕێز و پێشکەوتنی هەیە یان هیچ نەبێت کەم و کورتی پێ کەمتر دەبێتەوە ، ئەوە پێویستە وەربگیرێت و مانای پێشکەوتنیشە ، نەك لەبەر ئەوەی تازەیە بەڵکو لەبەر ئەوەی چاکە و باشە و دەرەنجامی باشی هەیە لە بیروباوەڕ و ئیمانیشدا .

ڕوونە وەك ڕووناکی خۆر کە قورئانی پیرۆز و ڕێبازی ئیسلام فەرمان بە پێشکەوتنی ڕاست و دروست دەدات ، هەر لە داوێن پاکی و دادپەروەری و چاکەکاری و ئارمەتی

نزیکـــان و خـــۆ ڕاهێنـــان بـــۆ بـــەرەنگاری خراپـــە و ئاگادارکردنـەوەی خـەڵکی لـە نـەنگی و دوژمـن نەکردنـە پێشەنگ و نـەکردنی بـە سـەردار ، پێچەوانەی زەمانـەی عەجایـەبات ، وە ڕێکخستی دەوڵـەت و کاروبـار و ئیشی خەڵکی و پێشکەوتنی زانست و بیرو هـزری موسوڵمانان و ئاوەدانی خاك و ژیان .

جـا ئیـسلام زانـستی چـاك و سـودمەند و ئـامێر و داهێنانـە تـازە و چاکەکانی حـەرام نـەکردووە وەك ئـەوەی کەنیسەی ئـەو کاتـە کردیـان ، یـان فـەرمانی نـەکردووە بـە گەرانەوە و لەسەر ڕابردووچوون لەهەموو بوارەکانی ژیانـدا ، کە بەراستی کاری ئەوها هی کەنیسە و کاهینەکانە ، تاکو کەسێك بێت و بڵێت ئیسلام کۆنە بەرستیە ( الأجوبة المفيـــدة لمهمات العقيدة ) .

لـە کۆتـایی دا ئـەکرێت بڵـێین ئـەم دوو وشـە لـە زاراوە تازەکانە و مشت ومڕیشی ناویَ و ناشیەویَ لاوانی ئیسلام لێکۆڵینـەوەی مێژوویـەکی دوور و درێـژی بـۆ بکـەن ، کـە بەڕاستی قسەو باسە جیاوازەکان لەسەری کۆك نابن چونکە بـە ئەنـدازەی بـیر و بۆچـوون و بـیردۆزە سیاسـی و کۆمەڵایەتیـەکان قـسەی تیایـە . بـەڵام ڕونـە لای لاوانـی موسوڵمان کە وشـەی ( پێشکەوتن خواز ) ئێستا وا بۆمـان ئەنوێنرێت کـە تەنهـا ئـەوەیە لـە ئـەوروپـادا دەکرێت ، ( دواکـەوتن خـواز ) یـش هـەموو پەیوەسـت بوونێکـە بـە ئیسلامەوە ( الإسلام والحضارة الغربية ، ص : ١٢١ ) .

کـە بەداخـەوە ئـەوان لـەکاتی ڕۆشـتنی ئیـسلام بـۆ وڵاتەکانیان وای لێ نەکردن واز لە دین و قیەمـەکانی خۆیـان بهێنن بەڵکو تـەنها زانستی ئەو سـەردەمەی موسوڵمانانیان وەرگرت و دین و ئەخلاق و داب ونەریتی خۆیان پاراست ، پێچەوانەی ئـەم سـەردەمە هـەرەج و مەرەجـەی خۆمـان کـە موسوڵمانان ئەچن بە نێوی تازە پەرستی و پشتکردن لـە کۆنەپەرستی یەوە ئەخلاقی کۆن و ڕزیو و کلتوری ڕووت و بی مەنهـەجی و پەستی و روخـاوی هەرچی بـەها باڵاکـانی ئەوانمان بۆ نمایش دەکەن و زانستەکانیشیان هیچ . ناکـەن بیرکەنەوە با ئیمە دین و ئەخلاق و پاکی و پاراوی خۆمان بپارێزین و زانستەکانی ڕۆژگاریش بە دەست بێنین .

نمونەی کۆتاییشم بۆ بیرکردنەوەی گەنجانی خوێنەواری وڵاتەکەم ئەوەیە : سـەیری یابان و چین و کۆریا بکـەن ئـەو هەموو زانست و تازە گەرییە دونیایی ئەوانی جوان کردووە وای لـە خـەڵی ئـەو وڵاتانـە نـەکردووە پەرستاگانیان چـۆڵ بکـەن و بڵـێن بـەخوا ( بـودا یـان پەرسـتگای شـاوڵین ) نەیهێشت ئــەو مــاوەیە پێشکەوین ، ئێستا پشتمان کردە ( بودا یان پەرستگای شاوڵین ) بۆیە پێشکەتین ؟!

جا ئەوان پشت لە ئەو هەموو خورافاتەی خۆیان ناکـەن و حاشـا ناکـەن لـە دینـی باتڵی جگـە لـە الله بەرستی ، ئیتر ئێمە لە پای چی ؟ دوای ئەو هەموو سەروەریە شەرم بکـەین لە وەی دین داربین و زانست خواز و پێشکەوتووش بین ؟!

**بیلال جەلال . پ : فیزیا . کەلار**

## برینەکەیان کولاندەوە

دیسان برینی ساڕێژ نەبووی کیانی ئومەتی ئیسلامیان نـوێکردەوە و کولانـدەوە و خـوێنی سـەدەها موسـڵمانی بێتاوانیـان کـردە کاسـە و چـەندەها ژنیـان بێـوەژن کـرد و چـەندەها منـداڵیان هـەتیو و بێبـاوك کـرد ، کێشمەکێشی نێوان خێر و شەڕ هەر لەسەر هەڵدانی ژیانەوە لەسـەر زەوی بـونی هەیـە و تـا دونیـاش کۆتـایی دێـت بـەردەوام دەبێـت ،بەڵام سەیر لەوەدایە ئەمجارەیان لەلایەن گەلێکەوە خوێنی موسـڵمانان ڕژاوە بـەوە ناسـراون کـە لێبـوردەن و ڕەگەزپەرست نین ، ( چین ) ئەو وڵاتەیە کەباسی لێوە دەکەم لەگەڵ ئەوەی خاکی وڵاتەکەیانی داگیرکردووە،لەو ڕۆژانەی پێشوو خوێنی سەدەها خەڵکی بێتاوانی گەلی ( ئیگۆری ) موسڵمانی هەرێمی ( شینگنیانگ . تورکستانی ڕۆژهەڵاتی ) بەناڕەوا ڕشت و هەزارانی تری دەستگیرکردن ، لەبەر هیچ نا لەبـەر ئـەوە نـەبێت کـە موسـڵمانن و ئاینیان جیاوازە و خاکەکەیان پڕ پیت و بەرەکەتە و دەیانەوێت خەڵکانی تر بهێـنن لـە وڵاتەکـەیان نیشتەجێی بکـەن و گـۆڕانێکی دیمۆگرافی بەسـەر ناوچەکەیاندا بهێنن و خێـر و خێراتـی وڵاتەکەیان بەتاڵانبەرن ، شایانی باسە پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم هەموو نسکۆ و دەردەسەریەی کەبەسەر هـەموو گـەلانی موسـڵماندا دێـت هۆکـاری لاوەکـی زۆرە کـەئێرە شوێنی باسـکردنی نییـە ، بـەڵام سـەرەکی تـرین هۆکـاری ناهەمواریـەکانی گـەلانی موسـڵمان دورکەوتنەوەیانـە لـە ئاینەکەیان و دەستبەردار بوونی چەمك و زانیاریەکانیەتی،

وە ئەوە خۆ بچوك کردنەوەیە کە هەموو دواکەوتنی ئومەتەکەمان بدەینە پاڵ دوژمنان و خۆمان لە بەرپرسیاریەتی بدزینەوە و چونکە مێژوو شاهیدە لە کاتێکدا پێشینانمان سەرمەشقی ژیانی گەلانی دونیا بوون لە هەموو بوارەکاندا . دوژمنانی گەورەی وە ئیمپراتۆریەتی فارس و ڕۆم بونیان هەبوو ، ڕوداوە دڵتەزێن و کارەسات بارەکانی گەلانی موسڵمانی ئەم دونیایە ئەوەندە زۆرن گرنتی ئەوەم نییە بگەمە ژمارەکی تری ئەم گۆڤارە و چەندەها قەسابخانەی و تراژیدیای تریان بەسەر دا نەهێنن ، بۆیە بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەك بۆ گۆشەیەکی تری نەخشەی جیهانی ئیسلام بکەم و تیشکێك بخەمە سەر ئەو ڕووداوە کارەسات بارەی تر کەلە باکوری وڵاتی نەیجریای کیشوەری ئەفریقا هاوکات لەگەڵ قەسابخانەکەی ئیگۆرەکان ڕوویدا ، دیسان خوێنی موسڵمانانی ئەوڵاتەیان ڕشت لەگەڵ هەبوونی جیاوازی نێوان هەردوو ڕوداوەکە ، کۆمەڵێك موسڵمان بەهانەیان دایە دەستی کاربەدەستانی ئەو وڵاتەوە کەبووە هۆی ئەوەی خوێنی سەدەها موسڵمانی بێتاوان برێژن و چەندەها مزگەوت بڕوخێنن و ژیانی چەندەها خانەوادەی هەژار و نەداری ئەو وڵاتە تێکبدەن ، لەبەر ئەوە لەسەر موسڵمان پێویستە زۆربەوریای هەڵسوکەوت بکات و بیانوو نەدات بەدەست دوژمنانەوە بۆ ئەوەی خوێنی موسڵمانان بە ناڕەوا نەڕێژن .

**م . عثمان أحمد . بیرکاری**

## دووڕووی و جۆرەکا نی

**دووڕووی لەبیروباوەڕدا :**

ئەوەیە کە خاوەنەکەی لەڕوکەشدا خۆی وەکو موسڵمانێك دەربڕێت ، کەچی لە ناوەڕۆکدا بێ باوەڕە بێت ، دوو ڕوویش دوو جۆرە :

**یەکەم :** دووڕووی لە بیروباوەڕدا ( دووڕووی گەورە ) .

**دووەم :** دووڕووی لە کردەوەدا ( دووڕووی بچووك ) .

جیاوازیشیان لە ڕووی حوکمەوە ئەوەیە : کە یەکەمیان مرۆڤی پێ لە ئایین دەرواتە دەرەوە و بەهەتا هەتایی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە ، بەڵام دووەمیان مرۆڤی پێ لە ئایین ناچێتەدەر بەڵام شایستەی سزایە ، و تاوانبارە .

هەندێ لەجۆرەکانی دووڕووی لە بیروباوەڕدا ( دوو ڕووی گەورە ) :

✍ بەدرۆزن زانینی پێغەمبەر ﷺ .

✍ بەدرۆدانانی هەندێ لەوشتانەی کە پێغەمبەری پێهاتوە وەك ( ئەو شتانەی کە ئەمری پێکردوون ، یان نەهی لێکردوون ، ... هتد ) .

✍ ڕق لێبونەوە لەپێغەمبەر ﷺ .

✍ ڕق لێبونەوە لەهەندێ لەوشتانەی کە پێغەمبە ﷺ .

✍ خۆشحاڵبون بەتێك شکانی ئاینی ئیسلام و موسڵمانان وە قسەپێووتنیان .

✍ دڵتەنگی و پێناخۆشبون بەسەرکەوتنی ئیسلام و موسڵمانان .

**دوو ڕووی لەکردەوەدا :**

ئەوەیە کەپێغەمبەر ﷺ لەفەرمودە پیرۆزەکانی دا بەپێنج خاڵ ڕونی کردوّتەوە کە دەفەرموێت : " آية المنافق ثلاث : إذا حدث كذب ، وإذا وعد أخلف ، وإذا أؤتمن خان " ( متفق عليه ) ، واتە : نیشانەکانی دوو ڕووی سێ دانەن ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات وە ئەگەر وەعدی دا نای باتەسەر وە ئەگەر ئامانەتی درایە دەست خیانەتی تیادەکات .

وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتوە : " إذا خاصم فجر ، وإذا عاهد غدر " ( رواه البخاري ) ، واتە : وە ئەگەر شەر بکات لەحەقی خۆی زیاتر دەسێنێ ، یان ماف خۆی بەزیادەوە وەردەگرێ ، وە ئەگەر بەڵێنیدا ناپاکی ( غدر ) ی تێدا دەکات .

**تێبینی :**

( وعد ) : ئەوەیە کە گفت ئەدەی بەکەسێك کەشتێکی پێ بدەی یان بۆی بکەی ... وە ( عهد : بەڵێن ) : ئەوەیە کە کەسێکی هەڵاتو پەنا بباتە بەر خێڵێك ئەوانیش پەنای بدەن وە بەڵێنی پێ بدەن نەیدەن بەدەستەوە ، دەتوانین بڵێین ( فیزە ، إقامە ) ی ، ئێستای وڵاتان .

**هۆشمەند أمين . ز . كۆیە عرەبی . قەڵادزێ**

# حوکمی نوێژی موسافر

الحمد لله وحده ، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده ، أما بعد :

دوای ئەوەی پرسیاری زۆر دەکرا دەربارەی نوێژی موسافیر بە تایبەت لە لایەن فێرخوازانی زانکۆوە ، هەروەها دوودڵی زۆرێك لە نوێژەکانیان دوای بیستنی چەند جۆرە فەتوایەك ، بۆیە بە پێویستم زانی ئەم بابەتە بنوسم بۆ ئەوەی دەستی پێوە بگرن لە چۆنێتی نوێژەکانیان ، یارمەتیش هەر لای خوایە ، هەر ئەویشە پشتیوان ، بەڵکو باشترین پشتیوانە .

❑ کورت کردنەوە ( حوکمی نوێژی موسافیر ) :

بزانە خوای گەورە ڕێنوینیت بکات بۆ کاری چاك ، کە هەموو زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کورتکردنەوە [1] ( قصر ) ڕێگە پێدراوە لە سەفەردا بەڵگەشمان ئەوەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وإذا ضربتم في الأرض فليس عليكم جناح أن تقصروا من الصلوة ﴾ ( النساء : ١٠١ ) . واتە : هەرکاتێك سەفەرتان کرد و گەڕان بە زەویدا هیچ گوناهێکتان لە سەر نیە کە نوێژەکانتان کورت بکەنەوە .

**موسافیریش** : ئەو کەسەیە کە شوین وماڵی خۆی جێهێشتبێت بۆ شوێنێکی تر و لەو شوێنە نیازی نیشتەجێبوونی نەبێت ئایا بۆ بازرگانی یان بۆ خوێندن یان بۆ هەر شتێکی تر بێت ، وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " صدقة تصدق الله بها عليكم فأقبلوا صدقته " [2] . واتە : خێرێکە خوای گەورە پێی بەخشیون خێرەکەی لێ وەربگرن .

هەروەها زۆرێك لە زانایانی پێشین لەسەر ئەوەن کە کورتکردنەوە ( قصر )ی نوێژ واجبە بە بەڵگەی :

**یەکەم** : وتەی عائیشە ( رضي الله عنها ) کە فەرموویەتی : " أول ما فرضت الصلاة ركعتين ركعتين ، فزيدت في الحضر وأقرت في السفر " [3] . واتە : یەکەم جار نوێژ فەرزکرا دوو ڕکات دوو ڕکات بوو ، لە شاردا زیاد کرا وە لە سەفەردا وەکو خۆی مایەوە ( واتە : دوو ڕکات ) .

**دووەم** : وتەی عومەر رضي الله عنه : " صلاة السفر ركعتان ، والجمعة ركعتان ، والعيد ركعتان ، تمام غير قصر على لسان محمد ﷺ وقد خاب من افترى " . واتە : نوێژی سەفەر دوو ڕکاتە ، و هەینیش دوو ڕکاتە ، تەواوە بە بێ کەم و کوڕی لەسەر زمانی محمد ﷺ شکست خواردووە ئەو کەسەی بە هەڵبەستراوی بزانێت .

**سێیەم** : وتەی ( عبدالله )ی کوڕی ( عباس ) رضي الله عنه : " إن الله فرض على لسان نبيكم على المسافر ركعتين وعلى المقيم أربعة وفي الخوف ركعة " ( رواه مسلم في صحيحه ) . واتە : خوای گەورە فەرزی کردووە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەتان لەسەر موسافیر دوو ڕکات و ئەو کەسەی لە شوێنی خۆیەتی چوار ڕکات و لە ترسیشدا یەك ڕکات .

جا ئەی ئەو کەسەی دوای سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دەکەویت بەسە بۆمان دوای بیستنی ئەو فەرموودانە کە هەریەکێك لەو هاوەڵە بەڕێزانەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆمان دەگێڕنەوە کە ئاگامان لە نوێژەکانمان بێت کە وەکو نوێژی پێغەمبەری خوا بێت ﷺ چونکە لە هیچ سەفەرێکدا چوار ڕکاتی نەکردووە ، وە زیاد کردنیش وەکو کەمکردن وایە لە حوکمدا .

داواکارم لە خوای گەورە سوودمەندمان بکات بەم بابەتە و زانستی چاکمان فێر بکات و کار بەوەش بکەین کە فێرمان دەکات .

**کاروان حەمە باقی . عەرەبی**

---

**عبید کوڕی عومەیر . بە ڕەحمەت بێت . دەڵێت :**
ئەگەر بەخیلیتان کرد لە ماڵ بەخشین وە ترسان لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان و شەونخونیتان لەسەر قورس بوو ، ئەوا هیچ نەبێ زۆر بڵێن ( سبحان الله وبحمده ) چونکە بەڕاستی ئەم ووتەیە گەورەترە لە دوو کێوی زێڕ و زیو لای خوای گەورە .

---

[1] واتە : کورتکردنەوەی نوێژە چوار ڕکاتییەکان بۆ دوو ڕکات کە نیوەڕۆ و عەسر و عیشا دەگرێتەوە .

[2] أخرجه أحمد في مسنده : ( ١٧٤ – ٢٤٤ / ١ ) ومسلم في صلاة المسافرين ( ٦٨٦ ) .

[3] أخرجه مالك في الموطا في قصر الصلاة ( ٣٣١ ) وأحمد في مسنده ( ٢٦٣٩٨ / ١٠ ) .

## کورتە باسێك سەبارەت بە قورئان [1]

**پێناسەی قورئان :** قورئان لە زمانەوانیدا : وشەی ( قرآن ) لە ( قـرأ ) ەوە وەرگیراوە واتـە : خوێندیـەوە . وە لـە زاراوەی شـەرعدا : كلام الله المنزل على نبيـه محمـد ﷺ ، المعجز بلفظـه ، المتعبد بتلاوته ، المكتوب في المصاحف ، المنقول بالتواتر [2] .

## چۆن قورئانمان پێگەیشتووە ؟

ئەم قورئانەی لەبەردەستدایە لە ماوەی ( ٢٣ ) ساڵدا بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دابەزیوە لە ڕێگەی جبریلـەوە . عليـه السلام . ، لـە سەردەمی پێغەمبـەری خـوادا ﷺ چـەند صـەحابەیەك هـەبوون وەحیـان دەنووسـیەوە ، هـەرکاتێك ئایەتێك یان سوورەتێکی قورئان دابەزیایە پێغەمبـەری خوا ﷺ بە هاوەڵانی ڕادەگەیاند و بۆی دەخوێندنەوە و ئەوانەی نوسەری وەحی بوون وە ئەوانەشی خۆیان ویستیان لێبوایە دەیـان نووسـیەوە ، کاتێـك پێغەمبـەری خـوا ﷺ کۆچـی دوایـی کـرد قورئـان نوسرابووەوە بـەڵام کۆ نـەکرابووەوە ، بۆیـە ئـەبو بـەکری صدیق ﷺ پاش ڕاوێژکردن بـە هاوەڵـە بەڕێزەکان و بە هاوکاری ئـەوان قورئانی کۆکردەوە و بـەو شێوەیە ڕێکی خست کە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵـەکانی خوێندبوویانەوە ، ئەبو بەکر ﷺ تـا لـە ژیـاندا بـوو ئـەم ( مصحف ) ە کـۆکـراوەیەی لای خۆی پاراست ، لـە دوای مردنی ئەبو بەکر ﷺ ( مصحف ) ەکە لای عومەر ﷺ بوو ، دواتر عومـەر ﷺ دای بـە حەفصەی کچی ، پاشـان کاتێـك عوسمـان ﷺ بوو بـە خەلیفـە ( مصحف ) ەکـەی لـە حەفصـە وەرگـرت ، و چـەند نوسخـەیەکی لێ نوسـرا و بـە ناوچـە موسڵمان نشینەکاندا بڵاوکرایەوە .

## باوەڕبوون بە قورئان :

یەکەم : باوەڕت بەوە هـەبێت کـە قورئان قسەی خوای گەورەیـە و دروستکراو نیـە واتـە : وەکو ئاسمان و زەوی دروسـتکراو نیـە کـە پـاش ماوەیـەك لـە ناوبچێت بـەڵکو قورئان قسەی خوای گەورەیە و هەرگیز لە ناو ناچێت .

دووەم : باوەڕت بـەوە هـەبێت خـوای گـەورە قورئـانی لەڕێگەی جبریلی دەستپاك و بەهێزەوە ناردووەتـە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەری خوا ﷺ .

سێیەم : بـە بـێ هـیچ گومـان و دوودڵیـەك بـاوەڕت بـە هـەموو ئـەو هەواڵانـە هـەبێت کـە قورئـان باسـی کـردووە ، و بـاوەڕت بـەوە هـەبێت کـە خـوای گـەورە ئـەم قورئانـەی پاراسـتووە و دەیشیپارێزێت و هـیچ گۆڕانکاریـەکی تێدا نەکراوە و ناشتوانرێت تێیدا بکرێت .

چـوارەم : ئـەوەی خـوای گـەورە لـە قورئانـدا حـەڵاڵی کردووە تۆش بە حەڵاڵی بزانیت وە ئەوەشی خوای گەورە حەرامی کردووە تۆش بە حەرامی بزانیت ، ئەوەی خوا لـە قورئاندا فەرمانی پێکردووە بە پێی توانا ئەنجامی بدەیت وە ئەوەشی حەرامی کردووە خۆتی لێ بەدوور بگریت .

پێنجـەم : بـاوەڕت وابێـت کـە تـەنها قورئـان شیاوە و پێویستە جێبەجێ بکرێت لە هەموو کات و سەردەمێکدا ، حوکمـەکانی هـەمووی دادپەروەرانەیـە و هـیچ زوڵـم و سـتەمێکی تێـدا نیـە و ئـەو یاسـا مرۆڤکردانـەی دژی حوکمـەکانی قورئـانن هـەموو پـووچ و بـەتاڵن و شـیاوی جێبەجێکردن نین و نابێت گوێڕایەڵیان بکرێت و دانەری ئەو یاسایانەی لای خوای گەورە بەرپرسیارن لە قیامەتدا .

شەشـەم : بـاوەڕت بـەوە هـەبێت هەرکەسێك بڵێت ئـەم قورئانـە وتـەی خـوا نیـە یـان کۆنـە و بۆ سـەردەمی ئێسـتا ناشێت یان حوکمەکانی بێ ڕەحمانەیە یان گۆڕانکاری تێدا کراوە یان دەتوانرێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت و ئایەتێك یان وشەیەك یان پیتێکی جێگیربووی تێدا دەستکاری بکرێت ئەوا ئەو کەسە بێباوەڕە ( پاش إقامـة حجـة ) چونکە ئەو ئایەتـەی قورئـانی بـە درۆ خستووەتەوە کـە تیایدا خـوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴾ .

## بیروباوەڕی هەندێك لە تاقمە گومڕاکان سەبارەت بە قورئان

یەکەم : شیعە ( الرافضة ) : زۆرێك لە زانا گەورەکانی شیعە وەکو ( سيد هاشم بحراني ، ملا باقر مجلسي ، نوري طبرسي ، نعمـة الله الجزائـري ... هتـد ) بڕوایـان وایـە کـە قورئـان

---

[1] زۆرێك لە زانیاریەکانی ئەم بابەتە لە کتێبی ( هجر القرآن العظيم : د . محمود بن أحمد بن صالح الدوسري ) وەرگیراوە بۆیە بۆ دەسکەوتنی زانیاری زیاتر دەربارەی بابەتەکە و زانینی سەرچاوەی زانیاریەکان بگەڕێرەوە بۆ ئەو کتێبە بەسوودە .

[2] القرآن : اسم لكلام الله تعالى المكتوب في المصاحف .

المصحف : اسم للمكتوب من القرآن الكريم .

دەستکاری کراوە و گۆڕاوە !!!! بەڵگەش لەسەر ئەم قسەیەمان ئەوەیە کە شێخ نوري طبرسی شیعە لە ( نعمة الله الجزائري ) شیعەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی : هاوەڵان . واتە : هاومەزهەبە شیعەکانی نەك هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ . ڕێککەوتوون و کۆڕان لەسەر ئەوەی قورئان گۆڕاوە و دەستکاری کراوە . ( فصل الخطاب : ص٣٠ ) ( بڕوانە : کتێبی وتووێژێکی هێمنانە لە نێوان شیعە و سوننە : ل٣ ) .

دووەم : صۆفیە زیادەڕەوکارەکان ( غلاة الصوفية ) : دەڵێن دڵمان ڕاستەوخۆ عیلم لە خواوە وەردەگرێت ( حدثني قلبي عن ربي ) و ئەمەش وا دەکات پێو یستیان بە قورئان نەبێت بە گومانی خۆیان !!! ، ئەو سەرچاوەیەی دینی لێ وەردەگرن قورئان و سوننەت نیە بەڵکو خەو و خەیاڵ و شتی خورافیاتە و پێچەوانەی قورئانە .

زانست

## با قەدری زانایان بزانین

خوێنەرەبەڕێزەکان سەلام و ڕەحمەتی خواتان لێبێت . خۆشەویستان بەڕاستی نەخۆشیی و پەتایەك بڵاو بۆتەوە لەناو موسوڵمانان ، کەوا بۆتە هۆی دوور کەوتنەوە لە ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام . وە بەهۆی ئەو دەردەوە چەندان کەس بەرەو هەڵدێرو گومڕایی ڕۆیشتون و دڵەکانیان پڕبوە لەبیدعە و خورافیات ، وەچەندان بیرو بۆچونی دوور لەئیسلام پەیدابووە ، کەوا هەرگیز ئەو بیروبۆچونانە بیرو بۆچونی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی نەبووە . وەبەهۆی ئەم دەردەوە چەندان سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بزربوون و لەشوێنیان چەندان بیدعەی گومڕاکەر پەیدابوون . ئەویش نەخۆشی نەزانینی قەدرو ڕێزی زانایانە . هەرکۆمەڵگایەك لەکارو باری دین و دنیایدا نەگەڕایەوە بۆلای زانایان ئەوە بەهیلاك چوون و تازە دەستیان لێ بشۆو بەرەو گومڕای ڕۆیشتون . وەڕاست بونەوەشیان بۆنیە تاکو دەرك بەو حەقیقەتە نەکەن و دەست نەگرن بە وتەکانیان . چونکە زانایان میرات گری پێغەمبەرانن . بەڵێ خوای گەورە لەوەسفیان دەفەرمویت : ﴿ كَذَٰلِكَ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴾ بۆیە زانایان لەهەموو سەردەمێکدا ڕێ نیشاندەر و ڕون کەرەوەی دین بوون بۆ خەڵك . وەهۆکارێك بوون بۆئەوەی خەڵك دەست بگرن بەدروشمەکانی ئیسلام . وەهۆکارێك بوون بۆئەوەی خەڵك لەشیرك و بیدعە و خورافیات دوور بکەونەوە ، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ گەنجەکانمان لەم ڕاستیە گرنگە بێبەشن و دەرکی پێ ناکەن پلەو پایەی زانایان نازانن ، هەروەك چۆن سەلەفی ئێمە دەیان زانی . ئەوەی دەردەکەی قورسترکردوە کەوا ئەو دیاردەیە لەناو گەنجانی دەست گرتو بەدینیشەوە زۆرە . ئەوەش کاتێك دەردەکەوێت کەوا دەیان دوێنیت،بۆ نمونە : من لەگەڵ کۆمەڵێك گەنج کەوتینە قسە لەسەر یادی مەولود نەبەوی کەوا بیدعەیە یان نا ، من بەڵگەی زۆری زانایانم بۆ هێنانەوە کەوا دەڵێن بیدعەیە لەوانە : أحمد و شافعي ، و مالك ، و ابن تيمية ، ابن القيم ، ابن باز و ئەلبانی و ابن عثيمين ... چەندانی تر .

لە وەڵامدا دەیان گوت ئەی بۆ فلان مامۆستا دەڵێت دروستە ، خۆ کەسێکی زیرەکە . بەڕاستی ئەوە بەڵاو کارەساتێکی گەورەیە توشی ئیمانداران بوە . لەکۆتایی دا دەمەوێت ئەو فەرموودە باس بکەم کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت : " إن الله لايقبض العلم انتزاعا ينتزعه من الناس ، ولكن يقبض العلم بقبض العلماء ، حتى إذا لم يترك عالما اتخذ الناس رءوسا جهالا ، فسئلوا فافتوا بغير علم ، فضلو وأضلوا " ، واتە : بەڕاستی خوای گەورە زانیاری لەخەڵکی وەر ناگرێتەوە بەوەرگرتنەوە ، بەڵکو زانیاری وەردەگریتەوە بەوەر گرتنەوەی زانایان ( مردنیان ) ، ئەگەر زانا نەما ئەوا خەڵکی چەند سەرۆکێکی نەزان هەڵدەبژێرن بۆخۆیان ، پرسیاریان لێدەکەن ، ئەوانیش فەتوا دەدەن بەبێ زانست ، خۆیان گومڕا دەکەن و خەڵکیش گومڕا دەکەن .

هاوکار محمود . زانکۆی کۆیە . کۆلێژی ئەندازیاری

ابن القيم . بە ڕەحمەت بێت . دەڵێت :

نموونەی لەدایکبوونی چاکەو گەورە بوونی وزیادبوونی وەکو تۆوێك وایە کە بینێژێت و ببێتە دارێك و بەرهەم بهێنێت وخاوەنەکەی بەردەوام لە نێوان تۆو ناشتن و بەرهەم هێنانە .

## کورتەیەك دەرباری ...

کورتەیەك دەرباری ... گۆشەیەکە هەرجارە و باسی ( ئایین و ئایدۆلۆجیا و بزوتنەوە و تاقم و گروپ و بۆچوون و فەلسەفەیەك ) دەکات و مێژوو و کەسایەتی وبیروڕایان دەخاتە ڕوو بەو هیوایەی خوێنەر زیاتر شارەزای بیرۆکە جیاوازەکان ببێت و هەڵیان بسەنگێنێت و خۆی لە بانگەشە گومڕاکان بپارێزێت و بە بانگەشەیان نەخەڵەتێت ، هەروەك دەوترێت ( خراپە دەناسم بۆ ئەوەی خۆمی لێ بپارێزم ، هەر کەس خراپە لە چاکە جیا نەکاتەوە تووشی دبێت ) .

## ئەڵقەی یەکەم : قورئانیەکان :

مێژووی سەرهەڵدانی ئەم تاقمە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە کە لە هندستان دەرکەوت و بانگەوازی دەکرد بۆ دانانی قورئان بە تەنها سەرچاوە بۆ شەریعەتی ئیسلام و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بە لاوەبنرێت !!! و دروشمەکەیان بریتی بوو لە ( حسبنا كتاب الله ـ پەرتووکی خوامان بەسە ) .

تۆوی ئەم بیرۆکە گومڕاییەش لەلایەن کەسێکەوە نێژرا بەناوی ( أحمد خان ) کە فەرمانبەری کۆمپانیایەکی بریتانی بوو لە هندستان بە ناوی ( کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵاتی ) و دواتریش و بەهۆی پشتگیریکردنی بەریتانیا . کە ئەو کات داگیرکەری هندستان بوو . ئەم بیرۆکەیە زیاتر تەشەنەی کردوو لایەنگرانی لە زۆربەی وولاتانی ژێر دەستەی بریتانیا دەرکەوتن ، و تائێستاش شوێنکەوتەو کاریگەربووان بەم بیرۆکەیە لە هەموو جیهاندا هەن .

**گرنگترین بیرو ڕاکانی ئەم کۆمەڵەیە :**

❑ سەیرکردنی قورئان بە تەنها سەرچاوەی شەریعەت و دوورخستنەوەی سەرجەم سەرچاوەکانی تری وەك سوننەت و ژیانی پێغەمبەر ﷺ و ڕاڤە و قیاس و اجتهاد و ژیانی هاوەڵان و کۆڕا و بۆچوونی زانایان .

❑ تانەدان لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بەو گومانەی پارێزراو نیە وەکو قورئانی پیرۆز .

❑ پێیان وایە کە ( کەعبە ) بتێکە و سوڕانەوە بە دەوریدا نەریتێکی بتپەرستییە .

❑ پێیان وایە کە ڕۆژووگرتن لە مانگی شعبانە نەك ڕەمەزان .

❑ لە ڕووی ئابوریشەوە بانگەشەیان بۆ بیرۆکەی سۆشیالستی دەکرد کە لە ڕاستیدا ئەمە بانگەوازی شیوعی و کۆمۆنیستەکانە و ناویان لێنابوو ( ڕژێمی ئابووری قورئان ) .

❑ نکوڵی کردنی معجزەکانی پێغەمبەر ﷺ و کەرامەتی پیاوچاکان جگە لە معجزەکانی قورئان .

❑ بۆچوونی هەندێکیان بەوەی کە عیسا ﷺ لە دایك وبابێکی سروشتیەوە هاتووە و پێیان وابوو کە بیرۆکەی گەڕانەوەی عیسا بۆ سەر زەوی لە گاورەکانەوە گواستراوەتەوە بۆ موسوڵمانان .

❑ نکوڵی کردنی لە ژیانی ناو گۆڕ و بۆچوونی جیاوازیان هەبوو بۆ بەهەشت و دۆزەخ .

❑ سەبارەت بە میرات پێیان وابوو کە جیاوازی ئاین هیچ کارناکاتە سەر میرات وەرگرتن و پێغەمبەرانیش میراتیان هەیە .

❑ گاڵتە کردن بە زانایانی فیقهو فەرموودە و وەسف کردنیان بە نەزان و گومڕاکەر و لاسای کەرەوە و دابەشکردنی ئیسلام بۆ ئیسلامی قورئانی و ئیسلامی زانایان ... و چەندین بیروباوەڕی خواری تر .

**کەسایەتیە ناودارەکانیان کە بە ئاشکرا بانگەوازیان بۆ دەکرد:**

❑ ( أحمد خان ) ی دامەزرێنەر .

❑ ( غلام أحمد ) پەرویز ، دامەزرێنەری کۆمەڵی ( أهل القرآن ) و خاوەنی گۆڤاری ( طلوع الإسلام ) کە لەژێر ناوێکی خوازراوەوە دەریدەکرد و ئەم کابرایەیان بە ( نووسەری قورئانیەکان ) ناسراوە ، چونکە زۆرترین کتێبی لە پێناوەدا نووسیوە لوانە : ( تبويب القرءان ، أنا والرب ، إبليس وآدم ، القرآن ) و چەنین کتێی تر .

❑ ( عبدالله عبدالله الجكرالوي ) دامەزرێنەری کۆمەڵەی ( أهل الذكر ) و خاوەنی چەندین کتێب لەوانە : ( تفسير القرآن بآيات الفرقان ، و ترجمة القرآن بآيات الفرقان ، و البيان الصريح لإثبات كراهية صلاة التراويح ) .

❑ ( أحمد الدين الأمدنسرى ) دامەزرێنەری کۆمەڵەی ( الأمة الإسلامية ) و خاوەنی کتێبی ( معجزة القرءان ) .

❑ ( حافز محمد أسلم جراجبوري ) ، خاوەنی کتێبی : ( الوراثة في الإسلام ، و تاريخ القرآن ) .

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش و بە تایبەت لە وولاتانی

عەرەبی شوێنکەوتووانی ئەم بیرۆکە یە بە دی دەکرێن لەوانەش: ( د . أحمد صبحي منصور ، و أمين يوسف علــي ، و علي المندوه السيسي ، و إيهاب عبده ) ، ئەمانە و چەندینی تر کە لە نوسراوەکانیان بەدی دەکرێت .

**لە کۆتاییدا دوو خاڵی گرنگ هەیە دەبێت بزانرێت کە ئەویش :**

**یەکەم :** ناولێنانی ئەم تاقمە بە ( قورئانی ) لە ئەنجامی دەسگرتنیان بە قورئانەوە نەهاتووە ، بەڵکو بە هۆی دوورییان لە قورئانەوە هاتووە هەروەك چۆن بە ڕەتکەرەوەکانی ( قــدر ) دەوترێت ( القدرية ــ قەدەرییەکان ) .

**دووەم :** بیرۆکەی پشتگوێ خستنی سوونەت شتێکی تازە نیە و لە کۆنەوە هەر هەبووە بەتایبەت لای ( المعتزلــة و الخــوارج ) ، بەڵام لەشێوەی ئاوەها قوتابخانەیەکی سەر بەخۆدا نەبووە کە بە ئاشکرا بانگەواز بکات بۆ ڕەتکردنەوەی سوونەت .

**فلاح حسن : ئینگلیزی ـ صلاح الدين**

## هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان قورئان وسوننەت لە وەرگرتن و ئیش پێکردن

**خوێنەرانی هێژا :** لە بەرەبەیانی هەڵاتنی خۆری پڕشنگداری پەیامی پیرۆزی ئیسلام ، کە بووە مایەی خۆشبەختی مرۆڤایەتی وجیاکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستی و ڕزگارکردنی بەندەکان لە بەندایەتی بەندە بۆبەندە ، بۆ بەندایەتی خوای بەندەکان ، وڕزگارکردنی کۆیلە ، وداوای لە مرۆڤایەتی کرد ، تابەشکۆوە سەیری ئافرەتان بکەن . ونەکرێنە کاڵای بازرگانی وپارە پێ پەیداکردن ، ئەو کاتەخەڵکی لە کوفر و شیرك وخوڕافە گوزەریان دەکرد ، تا هاتنی ئەم پەیامە زۆر پیرۆزە خۆیان بەسەر شۆڕ دەزانی کە هەواڵی لەدایك بونی کچیان پێ بدرایە ، و دڵتەنگ دەبوون ، ئەو پەیامەپیرۆزە دادگەری و بەختەوەری بۆ مرۆڤایەتی کردوتە دروشم و بوتەهۆی بەرقەراربونی ئاسایش و ئاسودەی ، و لەناوبەری ئاشوب وکوشتاریشە .

وە زۆرترینی شوێنکەوتوانی چینی گەنجانی خاوەن سروشتی هەق ناسی [1] بوون ، ئاخۆ دەبێ خاوەنی چ تەعالمێك بێ ؟ بەدڵنیاییەوە تەعلیماتەکانی لە پەروەردگاری خاوەن عەرشی گەورەوە نازڵبووە ، کە ئەوەش بەرجەستە دەبێ لە فەرمایشتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمووده ڕاستەکان ، ئەوەی ئەو چەند دێڕەشم لەپێناویدا نوسیوە ئەوەیە تابڵێم : فەرموودە ڕاستەکانی خۆشەویستمان ﷺ سەرچاوەی شەریعەتمانن ، باوەڕی خۆمان لەسەریان دادەمەزرێنین ، وە وەکو ئەو گومڕایانە نابین کە دەڵێن قورئانمان بەسە !! لەبەر ئەوەی : (( ئەو کەسەی دەستی بەیەکێکیانەوە گرتوە ئەوا دەستی بەهیچێکیانەوە نەگرتووە ، چونکە هەریەك لەو دووانە فەرمان بەدەست گرتن بەوی تریانەوە دەکەن ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ مَّنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ ﴾ ( النســاء : ٨٠ ) [2] ، وە هەروەها ئەو گومڕایانە بەهەوەسی خۆیان مانای قورئان لێك دەدەنەوە ، یاکۆ مەڵێکی تری گومڕا هەیە ، هەرشتێك بە عەقڵە کەمەکەی خۆیان تێی نەگەیشتن ڕەتی دەکەنەوە !!! و دەڵێن عەقل پێشخراوە بەسەر نەقڵ . و پێویستە پێغەمبەر ﷺ بەتاك دابنێین لەشوێنکەوتن ، چۆن تەنها ( الله ) دەپەرستین ، نەك شوێن هەوا وئارەزومان بکەوین دەیەها بیدعە دابهێنین ، بەو هۆیەشەوە گومڕابین ، وببینە دانیشتوی دۆزەخ خ خ خ !!!! کەواتە پێویستە لەسەر موسوڵمان هیچ جیاوازیەك نەخاتە نێوان قورئان وسوننەت لەوەرگرتن وئیش پێ کردن ، تابەهیلاك نەچین .

**جهاد قادرعلی ، عەرەبی ، قەڵادزێ**

---

[1] گەرچیش لاوان لێرەو ولەوێ لەخشتە دەبرێن ، بەڵام دەبینین بڕوا بەکۆمەڵی خوڕافەی وەك گۆڕیك ، بەردێك ، ناڵی کەرێك ، کە هۆکاری خۆشی یالادەری ناخوشی بن ، ناهێنن . بەپێچەوانەی هەندێکی تر !! چونکە لەوەدا لەسەر فیتڕەتە پاکەکەن . الحمد لله .

[2] پلەوپایەی سوننەت لە ئیسلامدا وە تەنها قورئان بەس نیە ، ن / ئیمام ئەلبانی ، و/ بەڕێز : م/ خليل أحمد .

## خۆشەویستی لەنێوان کوڕان و کچان

گەر وردبینەوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەبینین هەموو شتێکی بۆ ڕوون کردوویننەتەوە تەنانەت بەزیادەشەوە لێرەدا پێویستە لەسەرمان شوێنکەوتووی ئەو دینە بین گەر خۆمان بە موسوڵمانێکی کامڵ لەقەڵەم دەدەین ، بۆیە لێرەوە ڕوو دەکەمە ئەو برایانەی کەوا هەموو ژیانیان پڕە لە خەم و ماتەم و ئێش و ئازاری لەبن نەهاتووی خۆشەویستی کە کچ لایان بووەتە هەموو ژیانیان کە بەڕاستی ڕۆژانیان سەرقاڵبوونە بەشوێنکەوتنی کچان لەخوێندنگا و زانکۆ و پەیمانگاکان هەروەها شەوانیش بە ناردنی نامەی پڕ لە عیشق و سۆز و پەیوەندییە حەرامەکان کە بەڕاستی سەری لێ شێواندوون ، هەروەها بەو خوشکانەش دەڵێم : کەوا لەناو خۆشەویستیدا غەرق بوونەو خۆیان بەو کارەوە سەرقاڵ کردووەو تادواتر وایان لێ دێت پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن و دواتر سەری خێزانەکەشیان شۆڕ دەکەن ئەمەیە خۆشەویستی ؟! بائێمە ئەوە بزانین کە خۆشەویستی لەسەر چی بنەمایەك بنیات دەنێین چونکە خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت : ﴿ الْأَخِلَّاء يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ ﴾ ( سورة الزخرف : ٦٧ ) ، واتە : دۆستان و خۆشەویستان لەڕۆژی قیامەتدا هەموو دەبنە دوژمنی یەکتری جگە لەوانەی کە لەخودا ترساون .

ئایا ئێمە ئەو خۆشەویستیە دەکەین ئایا لەبەر ڕەزامەندبوونی خودایە ؟ یاخود ئایا پێغەمبەر ﷺ ئەو کارەی ئەنجامداوە ؟! یان هاوەڵان و شوێنکەوتوان بەو کارە هەڵساون ؟! بێگومان هەرهەمووی نەخێرە چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن بەکارێك ئەمر دەکات کە ئابڕوی ئیمانداری تیادا بچێت .

بۆیە گەر کەسێك ڕێگای خۆشەویستی بگرێتە بەر ئەوا ڕێگایەکی گرتووەتە بەر کە سەر لە زیناکردنەوە دەردەکات بەخۆی بزانێت یان نەزانێت .

بەڕاستی لەم سەردەمەدا هەر کوڕ و کچێك دەبینیت بەئارەزووی خۆیان چاویان بەرەڵا کردووە لەتەماشاکردنی یەکتریدا پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : " العين تزني وزناها النظر " ( البخاري و مسلم ) ، واتە : چاو زینا دەکات زیناکەشی تێڕوانینی حەرامە ، وە یەکێك لەشاعیرە عەرەبەکان لەدێڕە شیعرێکدا جوان باسی دەکات و دەڵێت :

نظرة فابتسامة فسلام فكلام فموعد فلقاء

واتە : تەماشاکردنێك و بزەیەکی سەر لێوان و سەلام کردنێك ، گفتوگۆیەك و پەیمان بەستنێك و یەکتربینینێك . واتە کە چاو تەماشایەکی کرد ئیتر بەوە ناوەستێت تاکو تووشی زینات ئەکات و لەگەڵیدا کاری بەدڕەوشتی ئەنجام دەدەیت خوا پەنامان بدات .

دکتۆرێکی بانگەشەکار دەگێڕێتەوە و دەڵێت : ڕۆژێك لەنوێژ بوومەوە و چوومە دەرەوە بینیم گەنجێك لەتەنیشت ئۆتۆمبیلەکەی ڕاوەستاوە و چاوەڕێم دەکات منیش نزیك بوومەوە پێی فەرمووم ئەی ( شیخ ) دەمەوێت تۆبە بکەم : منیش وام زانی پیاوی کوشتووە یاخود تاوانە گەورەکانی ئەنجامداوە ، بەڵام پێی وتم کە هەموو ژیانی لاویتی لە سەرقاڵ بوون بە کچان و عیشق بازی تەواو کردووە بۆیە دەیەوێت لەو کارە تەوبە بکات و ئیتر نەگەڕێتەوە سەری جارێکیتر . بۆیە بەڕاستی کەوتنە ناو داوی خۆشەویستی وات لێ دەکات لەدین دوورت بخاتەوە دواتر زینات پێبکات وە ( ابن القيم الجوزي ) . ڕەحمەتی خوای لێ بێت . دەفەرموێت : " کاتێك خوای گەورە ئەمر دەکات چاومان دابخەین لەئاستی نامەحرەمدا ئەوە ئەمر کردنە بە پاراستنی دامێنمان بەڵام کاتێك چاومان بەرەڵا دەکەین بەویستی خۆی چی بوێت ببینێت ئەوا لەگەڵیدا دامێنیشمان ناپارێزرێت بۆمان و ئەویش بەرەڵا دەبێت " . سوێند بەخوا کەسێك گەر لەئاستی نامەحرەمدا چاوی دابخات مەحاڵە تووشی تاوان ببێت وە جگە لەوەش هەست بەعیززەتی نەفس و ئیمان دەکات لەدڵ و دەروونیدا لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە بۆچی هیچ کوڕێك کچێکی خۆش ناوێت کە چاوێکی کوێر بێت یاخود قاچێکی شەل بێت یاخود هەر کەم و کوڕیەکی لاشەیی پێیەوە دیاربێت ؟! وە هیچ کچێکیش نابینیت دوای کوڕێك کەوتبێت فەقیرو دەست کورت و شەلال و کوێر بێت و ئەمیش دڵداری و عیشق بازی لەگەڵدا بکات ؟! وە دەبێت چاك بزانین کە پێشینی ئەم ئوممەتە زۆربەی کات چاویان لەنێوان هەردوو پێیان دا بووەو لەوەش زیاتریان نەبینیوە ئایا ئەوان دڵیان نەبووە ؟ یاخود ئارەزووی جنسییان نەبووە ؟ یاخود ئەوان تامو چێژی دونیایان لا هیچ نەبووە ؟ بەڵێ هەموو ئەمانەیان هەبووە بەڵام لەڕۆژی گەڕانەوەیان ترساون کە کاتێك لەبەرامبەر خودای تاك و تەنها دەوەستن نموونەش وەکو ( حسان بن أبي سنان ) ڕۆژی جەژن دەبێت دەچێتە دەرەوە

كاتێك دەگەڕێتەوە ماڵەوە هاوسەرەكەی پێی دەڵێت : چەند ئافرەتی جوانت ئەمڕۆ بینی ؟ ئەویش پێی دەڵێت : خوا پەنامان بدات . هاوسەرەكەی پێی دەڵێت ئەی چەند ئافرەتت بینی كەخۆیان ڕازاندبووەوە ؟ ئەویش بەتووڕەییەوە پێی دەڵێت : بێ دەنگ بە سوێند بەخوا چاوم جگە لەبینینی نێوان هەردوو پێم هیچ شوێنێكی كەی نەبینیوە لەو ساتەوەی چوومە دەرەوە تاكو كاتی گەڕانەوەشم .

بۆیە دەبێت ئێمە لەزانكۆ و پەیمانگاكاندا ئەوەندە چاومان بەرەڵا نەكەین كە بە ویستی خۆی لەكچانی ڕووت و نامەحرەم بڕوانێت دواتریش لەدڵدا جێگیر ببێت تاوای لێ دێت وێڵ دەبێن بەدوای كچاندا هەروەها خوشكان چاوی ئێوەش سەرچاوەی زیناكردنە مەهێڵن لەژێر كۆنترۆڵتاندا دەربچێت و بەئارەزووی خۆی كوڕان گومڕاو سەرلێشێواو بكات بەدواتاندا خۆتانیش پێیەوە ماڵ وێران بن .

**هیوا زیرەك ك . پ . كەلار . كوردی**

## گەڵاكان دەوەرن

كاتێك سەرم بەرزكردەوە بینیم ئەوەی لە دەستمە دارێكی چەماوەیە بۆتە هاوڕێی ڕێگەم، بۆتە ڕاگری جەستەم ... بەشێك لە ژیانمی وەرگرتووە شێوازی شێوەمی ناشرین كردووە ...

ئەوە منم ! ئەم گۆچانە هی منە ؟!

ئاخ ... بۆ ئەو ڕۆژانەی كە بیرم لێت نەدەكردەوە . باوەڕم نەدەكرد ببمە پیرێكی چەماوەی گۆچان لە دەست ، نەفسی سەركەشم وێڵ بوو بە دوای ئارەزووەكان ، هێزی لاوێتیم تەنها بۆ دەرخستنی ئازایەتی و جوانی و ناوبەرزی و خۆشی بوو ..

بەڵام ئێستا دەگریم بۆ ڕۆژانی لاویەتیم ! وتیان خۆت ئامادە بكە بۆ پیریت ، بەڵام ئەم وشەیە لای من نامۆ بوو .

بە ڕێگەی تەمەن ڕۆیشتم بەرەو پێشەوە هەنگاوم دەنا ، نەمدەزانی بەرەو كۆتاییەكی چاوەڕوان نەكراوم دەبات !!

كاتێك بە ڕێگا ڕۆیشتم وەرزی بەهار بوو ، وەرزی بەهار سێ ئامۆژگاری كردم :

١. بە جوانی من مەخەڵەتێ ، دڵخۆش مەبە چونكە هاوینی بە دوایە و دەمسوتێنێت .

٢ـ لە بەروبوومم توێشوو كۆكەرەوە تا ببێتە ڕۆژی زستانت .

٣. لە دیمەنی من كەڵك وەرگرە ، گەر بتەوێت لە شوێنێكی تر دەمدۆزیتەوە .

دوا وشەی دركاندو وتی : نەرم و هێمن بە لەگەڵم تەمەنم تەنها سێ مانگە ، وە ئەگەر پایز نەبوایە گەڵاكانم نەدەوەری ، بیر لە ئامۆژگاریەكانم بكەرەوە ..

بەڵام من لاری ڕۆیشتم وتم : هێزم لە دەست ناچێت .

تەنها بە هەنگاوێك تەمەن لە ژێر پێم چریكاندی لە هۆش چووم و كەوتم .

چ لە هۆش چونێك ...

كاتێك چاوم كردەوە بینیم لە وەرزی پایزم و گەڵاكان دەوەرن و لە كۆتایی ڕێگەم ، بینیم بەهار دارێكی چەماوەی بە دیاری بۆ ناردوم .

ئایا من بەو دیارییە دڵخۆش بم یا ناچاربم وەریگرم ، گەر وەرینەگرم هەنگاونانم ئەستەمە ناشتوانم دڵخۆش بم چونكە بەهار لێم تۆراوە بە گوێ نەدانم بۆی كەوایە ناچارم ، گۆچانەكەم لە دەست گرت و ڕۆیشتم بەرەو ئەو خانووەی لێم دیاربوو ، دوو دیوار و سەرە سەقفێكی خۆڵاوی هەبوو ، ئێستا سوودی نیە بیركردنەوە هیچم لە دەست نایەت چونكە :

١ـ هێزی لاویم دڵخۆشی كردم ، بەڵام نەمزانی پیری دەمسوتێنێت .

٢. ڕۆژەكانم بێ ئامانج بوون ئێستا من خاوەنی هیچ نیم تا لەم ماڵە بە ئارامی بخەوم .

٣ـ كردارەكانم بێكەڵكن نابنە هۆی بینینەوەی جوانیەكان .

ڕاستی وت : گەر پایز نەبوایە گەڵاكانم نەدەوەرین ، گەر پیریش نەبوایە كەس مردنی بە خەیاڵ نەدەهات .

پاشكۆ : دەی كەواتە بەر لەوەی بە چاوی ئەسریناوی تاسەی گەڕانەوەی چركەكان بكەیت ، لەگەڵ ئاسۆی هەر ڕۆژێكی نوێ بەرەو چاكە هەنگاو بنێ كار لە زەمینەی ژیانت بكە چونكە تۆ یەكێكیت لەوانەی مژدەت پێدراوە لە لایەن پێغەمبەر ﷺ كە دەفەرموێت : " سبعة يظلهم الله في ظله يوم لا ظل إلا ظله ... شاب نشأ في عبادة الله " ( حديث صحيح ) .

جا ئەگەر لە هێزی لاویت ئامادەنەبیت بۆ پیریت كەس بە هاناتەوە نایەت .

**ڕانیا خالد . ز . صەلاحەدین .ك. ئەندازیاری . شارستانی .**

## عبداللە ی کوڕی ئوم مەکتوم

### لەمەیدانی تێکۆشاندا و لەچرکەساتیماڵئاوایی دا

جارێکی دیکە دەچینەوە خزمەت یەکێك لە هاوەڵە پایە بەرزەکان کە ئەویش ( عبداللە ) ی کوڕی ئوم مەکتومە ، کەڕای جیاواز هەیە لە ناوەکەیدا وە خەڵکی شاری مەدینەیە کەهەندێك لە مێژوو نووسان دەڵێن ناوی عبداللە ی کوڕی قەیسی زائدە ) بووە . وەخەڵکی عێراقیش ووتوویانە ناوی ( عمر ) بووە . دایکیشی ناوی ( عاتکەی کچی عبداللە ) یە . وە نازناوی دایکیشی بریتی بووە لە ( ئوم مەکتوم ) چونکە ئەم کوڕەی ( عبداللە ) بەکوێری لەدایك بووە ئەم هاوەڵە پایە بەرزە جۆش وخۆشەویستی بۆ پەیامەکەی ناخی پڕکردبوو لە هیمەت وبوێری کەدواجاریش ئامادە بوو لەسەنگەری تێکۆشان دا سەرەڕای ئەوەی کەئەم هاوەڵە لەبەر ئەوەی نابینابوو دەیتوانی لەسەنگەری شەڕدا ئامادە نەبێت بەڵام ئەم هاوەڵە ( عبداللە ) فەرمووی : ئاڵای ئیسلام بدەنە دەستم وە لە نێو پۆلەکانی سەنگەردا ڕامبگرن لەنێوان خۆتاندا بۆ ئەوەی نەتوانم هەڵبێم .

ئەم هاوەڵە بەڕێزە لە ڕوی جەستەییەوە مرۆڤێکی نابینا بوو . بەڵام ناخی پڕ بوو لەهیمەت وبوێری و چاو نەترسی و خۆشەویستی بۆ سەرخستنی ئاینەکەی . تا ئەو ڕادەیەی نابینایەکەی نەبوە ڕێگر لەبەردەمی بۆ تێکۆشان لە پێناو خوای پەروەردگار و بوە یەکێك لە سەربازە قارەمانەکانی هێزی ئیسلام و مێژوویەکی پڕ سەروەری بۆ خۆی تۆمار کرد .

لەساڵی (١٤) ی کۆچی دا خەلیفە ( عومەری کوڕی خەتتاب ) بڕیاری جەنگێکی گەورەی دا دژ بە فارسەکان چونکە دەوڵەتی فارسی ڕێگر بوو لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا بۆیە بڕیارێکی نووسی بۆ والیەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی کەهەرکەسێك ڕمێك یان شیرێك یان ئەسپێك یان خاوەنی ڕایەکی جیاوازە با لەشاری مەدینە ئامادە بێت بەزووترین کات .

لە وەڵامی خەلیفەدا شاری مەدینە پڕبوو لە موسڵمانان وە یەکێك لەو سەربازانەی ئامادەبوو ئەم هاوەڵە بوو ( عبداللە ی کوڕی ئوم مەکتوم ) وە بەفەرمانی خەلیفە هاوەڵی پایەبەرز ( سعدی کوڕی ئەبی وەقاص ) کرا بە پێشەوای سوپاکە دوای ئامۆژگاری و ماڵئاوایی لێ کردنی لەلایەن خەلیفەوە وەکاتێك سوپاکە گەشتە شاری ( قادسیە ) ئەم هاوەڵە ( عبداللە ی کوڕی ئوم مەکتوم ) خۆی ئامادە باش کردو قەڵغانی بەست و دەستی دایە ئاڵای ئیسلام بەمەستی سەرکەوتن یان شەهیدبوون لەپێناویدا .

سوپای موسڵمانان و فارسەکان بەیەك گەیشتن و بۆماوەی (٣) ڕۆژ جەنگێکی گەورە بەردەوام بوو ، جەنگێك کەمێژووی فتوحات بەخۆیەوە نەیبینی بوو تاوەکو ئەوە بوو سەرئەنجام لەڕۆژی سێ یەمدا مژدەی سەرکەوتنی موسڵمانان ڕاگەینرا وە گەورەترین دەوڵەتی دوژمن لەبار چوو وە گەورەترین پێگەی ئەو کاتە ووردو خاش کرا ، و ئاڵای یەکتاپەرستی لە سەر زەمینی بت پەرستی هەڵکرا دیارە بەرهەمی ئەم سەرکەوتنەش خوێنی سەدەها شەهیدبوو ، وە یەکێك لەو شەهیدانەش ئەم هاوەڵە بوو ( عبداللە ی کوڕی ئوم مەکتوم ) . کاتێك کەلاشەی پیرۆزیان دۆزیەوە سەرتاپا نووقم بووبوو لەخوێندا توند توند باوەشی کردبوو بە ئاڵاکەدا . بەڕاستی ژیانی پڕ لە تێکۆشانی ئەو هاوەڵە بەڕێزە بەسە بۆ ئەوەی لەخەوی کەمتەرخەمی بەخەبەر بێین و بە دوو چاوی ساقەوە نوکی قەڵەمەکانمان تیژ بکەین بۆ تێکۆشان لە پێناو سەرخستنی دینی خوا . دڵنیاش بن یەکێك لە باشترین چەکەکانی ئەم سەردەمە بۆ تێکۆشان لە پێناو دینی خوا قەڵەمە ، چونکە بە قەڵەم وەڵامی شوبهەکان ئەدرێتەوە و خەڵکی ئامۆژگاری ئەکرێت . ئەمەش بۆ خۆی تێکۆشا لە پێناو خوا . بەم شێوەیەش ژیانی ئەم هاوەڵە بەڕێزە بیانوی هەموومان پوچەڵ ئەکاتەوە و ئەیسەلمێنێ کە چەن بێ هیممەت و چەن کەم تەرخەمین .

**صور من حیاة الصحابة ( ١٥٦-١٥٧ ) بەدەستکاریەوە**

**م . بشتیوان محمد . عربي**

---

**وهبی کوڕی مونبە . بە ڕەحمەت بێت . دەڵێت :**

هەموو شتێك لە سەرەتادا بچووکە و پاشان گەورە دەبێت تەنها ( مصیبة ) نەبێت کە لەسەرەتادا گەورەیە و بەرە بەرە بچوك دەبێتەوە .

# دەستەواژەی مێژوو نوسان لە شێواندنی مێژوودا

**١. هەڵبەستن و درۆكردن :** لە خۆیانەوە چیرۆكێك هەڵدەبەستن ، بۆ نمونە وەكو چۆن چیرۆكێكیان لەسەر دایكە عائیشە هەڵبەست ـ ڕەزای وای لێ بێت . كە كاتێك هەواڵی كوشتنی عەلی ﷺ یان پێداوە ( لە خۆشیان ) سوژدەی شوكری بۆ خوا بردووە !! ئەم چیرۆكەش درۆیە و ئەسڵی نیە [١] .

**٢. زیادە خستنە سەر ڕووداوەكان یان لێ كەم كردنەوەی بە مەبەستی تێكدان و شێواندن :** لێرەدا پێدەچێ بنچینەی ڕووداوەكە ڕاست بێت وەكو ڕووداوی " سەقیفە " ، جا ڕوداوی " سەقیفە " ڕاستە و لەوێدا كۆبوونەوە لە نێوان ئەبوبەكر و عومەر و ئەبو عوبەیدە لە لایەك وحوبابی كوڕی مونزیر و سەعدی كوڕی عوبادە و هەندێكی تری پیشتیوانان لە لایەكی ترەوە ڕوویداوە . بەڵام ئەوان هاتوون كۆمەڵێ شتی وایان خستۆتە سەری . كە دواجار باسی لێوە دەكەین . ویستوویانە ئەو ڕاستیە بشێوێنن .

**٣. لێكدانەوە ( تأويل )ی پوچ و نابەجێ بۆ ڕووداوەكان :** بەوەی هەوڵدەدات تەئویلێكی پوچ و نابەجێی وا بۆ ڕووداوەكە بدۆزێتەوە كە لەگەڵ هەوا و ئارەزو و بیروبۆچوونی خۆیی و ئەو مەزهەبەی لەسەریێتی بگونجێ .

**٤. دەرخستنی عەیبە و هەڵەكان :** لێرەشدا پێدەچێت چیرۆكەكە ڕاست بێت ، بەڵام لە هەر كوێیەك هەڵەیەك یا عەیبەیەكی تێدا بێت ، تەركیزی لەسەر دەكا و دەری دەخا ، لە هەمان كاتدا لایەنە چاكەكانی دەشارێتەوە .

**٥. دروستكردنی شیعر بۆ پشتگیری كردنی ڕووداوە مێژووییەكان :** یەكێكیان هەڵدەسێ و شیعرێك دەنوسێ و پاشان دەیداتە پاڵ ئەمیری ئیمانداران عەلی !!! یا دایكی ئیمانداران عائیشە !! یا زوبەیر !! یان تەڵحە !! ڕەزای خوا لە هەموویان بێت ، لەسەر تانەو تەشەر دان لە هاوەڵان ، هەروەكو چۆن شیعرێكیان داوەتە پاڵ ئیبن عەبباس ﷺ ، كە لە بارەی دایكی ئیماندارانەوە . ڕەزای وای لێ بێت . ، ووتویەتی : تبغلت تجملت لو شئت تفيلت [١] .

**٦. دانانی كتێب و نامەی ساختەكراو :** هەروەك . إن شاء الله . دوایی لە چیرۆكی كوشتنی عوسماندا ﷺ دێت ، كاتێك كە چەندین نامە بە ناویەوە ساختەكرا ، هەروەها چەندینی تریش بەناوی عائشەوە . ڕەزای وای لێ بێت . ساختە كرابوو ، چەندینی تر بەناوی عەلی و تەڵحە و زوبەیرەوە ﷺ .

ئەمە بێجگە لە كتێبە ساختەكراوەكان ، وەكو كتێبی " نهج البلاغه " كە دراوەتە پاڵ عەلی كوڕی ئەبو تالیب ﷺ ، یان كتێبی " الإمامة والسياسة " كە دراوەتە پاڵ ئیبن قوتەیبە [٢] .

**٧. قۆستنەوەی هاوشێوەیی ناوەكان :** بۆ نموونە دوو ئیبن جەریر هەیە :

**یەكەم :** موحەممەدی كوڕی جەریری كوڕی یەزید ، كە ( ئەبو جەعفەری تەبەری )ـە ، پێشەوایەكە لە پێشەوایانی ئەهلی سووننە .

**دووەم :** موحەممەدی كوڕی جەریری كوڕی ڕۆستەم ، ( ئەبو جەعفەری تەبەری ) ە ، پێشەوایەكە لە پێشەوایانی شیعە [٣] .

ئەڕۆن كتێبەكانی ئیبن جەریرە شیعەیەكە دەدەنە پاڵ ئیبن جەریرە سونیەكە ، لەوانە كتێبی : " دلائل الإمامة و الواضحة ونور المعجزات " ، هەردوكیشیان لە هەمان ساڵی ٣١٠ ك وەفاتیان كردووە .

هەروەها ئیبن حەجەریش دوانن :

**یەكەمیان :** ئەحمەدی كوڕی عەلی كوڕی حەجەری عەسقەلانیە ، كە یەكێكە لە پیشەوایانی فەرموده .

**دووەمیان :** ئەحمەدی كوڕی حەجەری هەیتەمیە ، پێشەوایە لە فیقهدا بەڵام لە فەرمودەدا لێهاتوو نییە .

بۆیە ئەڕۆن ئەو فەرمودانەی هەیتەمی بە صەحیحی داناوە دەیدەنە پاڵ عەسقەلانی .

**م . علي محمد علي .كۆمەڵایەتی**

---

(١) أبو الفرج الاصبهاني لە كتێبی " الأغاني " ( ص ٥٥ ) هێناویەتی ، جا ئەم ئەبولفەرەجە ، شیعەیە و تۆمەتبارە بە درۆكردن ، هەروەكو لە باسی ژیانیدا هاتووە لە " تاريخ بغداد " و " الميزان " یشدا ، وذكرها المتشيع التيجاني في كتابه : " فاسألوا أهل الذكر " ( ص٩٧ ) ، نەیووتوە لە كوێوە هێناوێتی و كێ ڕیوایەتی كردووە.

---

(١) واتە سواری هێستر بووی پاشان حوشتر ، ئەگەر بتەوێ سواری فیلیش دەبی ، ( یانی : بۆ شەڕ و ئاژاوە نانەوە ) .

(٢) انظر : مقدمة تأويل مشكل القرآن لابن قتيبة تحقيق سيد أحمد صقر ص ٣٢ . ومقدمة " الميسر والقداح " لابن قتيبة تحقيق محب الدين الخطيب .

(٣) " لسان الميزان " في ترجمة محمد بن جرير بن رستم (٧ /٢٩) .

## بۆ ئەو ئافرەتانەی دادپەروەرن لەویژدانیاندا

**( ئەڵقەی یەکەم )**

ئیسلام ئاینێکە یەکێك لەو پرەنسیپانەی کە زۆرجار بە بەراوورد کردن لەگەڵ هەر بیرۆکە و بەرنامەیەکی داڕێژراوی مرۆڤدا باسی لێوە دەکرێت و چاکی دەدرێت بەسەریاندا و جێگای دەست بۆ ڕاکێشانە بریتیە لە دادپەروەری لەبەرئەوەی لەلایەن خوایەکی دادپەروەرەوە داڕێژراوە ... دادپەروەریەك کە لەنێوان سەرجەم دروستکراوە ڕۆح لەبەرەکانیدا بەدیبکرێت ، ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێت تیشکی پێنوسەکانمانی بخەینەسەر و سەرنجی خوێنەری بەڕێزی بۆلا کەمەندکێش بکەین بریتیە لە دادپەروەری لەگەڵ ڕەگەزێکی مرۆڤەکان : ڕەگەزێك کە بەردەوام بوونی ژیانی پێوە بەندە ، ڕەگەزێك کە زۆرجار دوژمنانی ئیسلام و موسڵمانان وەکو کەلێنێك لێوەی بەچەندین دروشمی بێناوەڕۆك هێرش دەکەنە سەر ئەو ئاینەی کەسەراپای مژدەیە بۆ ئەو ڕەگەزە ، ئەو ڕەگەزەش ئافرەتە ، دادپەروەریەك بەمانای نەهێشتنی ستەم و دانی ماف بەخاوەن ماف و سەپاندنی ئەرك بەسەر لێپرسراودا بێت ، دادپەروەریەك کە جێی مەبەست بێت ئەوەیە کە دەستی ستەمکار بگرێت و مافەکان وەکو دیاری و خەڵاتێك بداتە خاوەنەکانیان ... بەڵێ هەر ئەمەیە کە فیترەتی مرۆڤە دڵ ساغەکان تامەزرۆیەتی ، وە لەبەر ئەوەی ئیسلام ئاینێکە بۆ مرۆڤەکان نێردراوە بۆیە ئەو دادپەروەریە زۆر بەزەقی باسی لێوە دەکرێت لەکاتی قسەکردن لەسەر ماف و ئەرکی مرۆڤەکان ، کەواتە ستەم کردن لەئافرەتان لەگەڵ دادپەروەری ئیسلامدا نەگونجاوە ، چونکە نەك تەنها خوای پاك و بێگەرد و دادپەروەر قەدەغەی کردووە لەنێوان مرۆڤەکان بەڵکو بۆ خۆشی حەرامی کردووە ، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرمێت : خوای گەورە فەرموویەتی : " يا عبادي إني حرمت الظلم على نفسي ، وجعلته بينكم محرما " ( رواه مسلم ) .

پێش ئەوەی قسە لەسەرئەوە بکەین کە ئایا ئەوەی ئیسلام هێناوێتی خەڵاتە بۆ مرۆڤایەتی و بەتایبەتی ئافرەتان یان ستەمە و ئێمەی دروستکراو باشترمان پێیە لەوەی دروستکار هێناویەتی ؟ باپێکەوە بەسەرپێییەوە چاوێك بخشێنین بەئەو مامەڵانەی کەلە پێش هاتنی ئیسلامدا بەرامبەر ئافرەتان ئەنجام دراوە پاشان دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە و ئیسلام وەکو خەڵاتێك بۆ ئافرەتان وەسف بکەین ، چونکە کەسێك ڕێزی ئیسلام دەزانێت کە لەژیانی نەفامیدا ژیابێت ، یان هیچ نەبێت شارەزای ئەو مێژووە بێت کەسەراپای نەهامەتی بووە بۆ ئافرەتان !!!

سەرەتا و لەپێش ئیسلامدا ئافرەتان یەکێك لەمافە هەرە گرنگەکانیان کەمافی ژیانە لێیان زەوت کرابوو ، واتە تەنها لەبەرئەوەی ئافرەتە مافی ژیانی بۆ نەبوو !! هەر لەسەرەتای لەدایك بوونیەوە کەس و کارەکەی بیریان لەچارەسەرێك دەکرد بۆ ئەو عەیب و نەنگیەی کەبە سەریان هاتووە ( بەبیر و بۆچونی پوچەڵی خۆیان ) کە ئایا بەو سەرشۆڕی و نەنگیەوە بمێننەوە یان ئەو منداڵە بەستەزمانەی کە نەبەدەستی خۆی بووە و نەتوانای بەرگری کردنی هەیە زیندە بەچاڵ بکەن ، وەکو خوای زانا بەهەموو شتێك لەقورئانە بێ عەیبەکەیدا باسی لێوە دەکات و دەفەرموێت : ﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ {يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِن سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلاَ سَاء مَا يَحْكُمُونَ ﴾ ( سورة النحل : ٥٨ ــ ٥٩ ) ، پاش بیرکردنەوەیان لەچارەنوسی ئەو منداڵەی کە بێئاگایە لەپیلانی کەس و کارو داب و نەریتی کۆمەڵگەکەی زیندە بەچاڵیان دەکرد ، خۆ ئەو کات هیچ کەس و لایەنێك نەبوو بەرگری لێبکات ، تەنها خوای گەورە بوو ، لەئایەتی ژمارە ( ٨ و ٩ ) ی ( سورة التكوير ) دا سەرزەنشت و سەرکۆنەی ئەو کارە دەکات و دەفەرمێت : ﴿ وَإِذَا الْمَوْؤُودَةُ سُئِلَتْ بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ ﴾ گەر ئافرەتان و مرۆڤایەتی ئەمە ناو نەنێن خەڵات و دیاری بۆ ئافرەتان نازانم ناوی دەنێن چی و چۆن لە خەڵات تێگەیشتوون ؟!!!

هەروەها بۆ ناپرسن حاڵی ئافرەتان چۆن بووە لەپێش ئیسلامدا لەکاتی دابەشکردنی میراتدا ؟ وا ئێستا یەخەی ئیسلامی لەسەر دەگیرێت ؟!! لەپێش ئیسلامدا ئافرەتان نەك هەر مافی ئەوەیان نەبووە داوای بەشە میراتی خۆیان بکەن ، بەڵکو خۆشیان وەکو ماڵی میراتی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا و دابەشدەکران ، واتە وەکو مرۆڤێك سەیر نەدەکران ، بەڵکو وەکو کاڵایەك بەسەر پیاو و کوڕە میراتگرە نزیکەکاندا دابەش دەکران !!! بەڵام ئیسلام ئەوە لەسەر ئیمانداران قەدەغە دەکات وەکو خوای زانا دەفەرمێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُواْ النِّسَاء كَرْهًا ﴾ ( النساء : ١٩ ) ، پاش ئەوە هەر ئیسلام نەبوو ئەو تێگەیشتنەی بەرامبەر ئافرەتان نەهێشت و بڕیاری

دا کە پێویستە ئافرەتانیش مافی ئەوەیان هەبێت کەبەشە میراتی خۆیان وەربگرن کە ئەمەش ئەوەی لێتێدەگەین کە ئافرەتانیش مرۆڤن و پێویستە وەکو مرۆڤێك مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت ، پاشان خوای دادپەروەر وەکو ڕێزێك بۆ ئافرەتان پاداشت دیاری دەکات بۆ ئەو کەسانەی کە بەچاکی پەروەردەیان دەکەن و مژدەی بەهەشتێکی نەبڕاوەیان پێدەدات وەکو پێغەمبەری خوا دەفەرمێت : " من كان له ثلاث بنات ، فصبر عليهن ، وأطعمهن ، وسقاهن ، وكساهن من جدته ، كن له حجابا من النار يوم القيامة " ( السلسلة الصحيحة ، برقم : ٢٩٤ ) ، لە کاتێکدا ئەو هاندان و پاداشتە بۆ پەروەدەکارانی کوڕان باسی لێوە نەکراوە ، وەڵامی ئەم خاڵە بۆ ئێوەی خوێنەر بەجێدێڵم کە ئایا ئەمە ڕێزلێنانە لەئافرەتان یان نا ؟!!!

دەی خوشکە بەڕێزەکانم ئێستا دەمەوێت ویژدانتان وەڵام بداتەوە ، کە ئایا ئەمەشیان وەکو ئەوانەی پێشتر باس کراون و ئەوانی تریش کە باس نەکراون ستەم و ڕێگریە لەبەختەوەری تۆ ؟!!! یاخود هەموو ئەمانە بۆ سەربەرزی و پاراستنی کەرامەت و ڕێزی تۆیە ؟ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەرەوە و بیکەرە پەیڕەو و بەرنامەی ژیانت .

**پ . أحمد محمد**

## ئاو چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە

بسم الله والصلاة والسلام على رسول الله وبعد : دەبینین لەژیاندا مرۆڤ هەریەکەو هۆکاری جیاواز دەبێتە پاڵنەری بۆ ئەوەی بەخۆدا بچێتەوە و هەست بە گەورەیی و توانا و دەسەڵاتی خودا بکات ، کە خوایەك دەسەڵاتی بەسەرمانەوە هەیە و هەموو ووشك و تەڕێکی ئەم گەردوونەی لەژێر دەستدایە ، ئەو هۆکارانەش کاریگەری خۆی لەلای زانایان زیاتر دەبینێت ، چونکە زانایان لە زانستدا زیاتر بەقوڵاچوون و زیاتر لەڕاستیەکانی ئەم گەردوونە تێگەیشتوون .

لێرەدا باسی هەندێك لە سەیروسەمەرەکانی ئاو دەکەین وەکو کیمیازانان ئاماژەیان پێکردووە ، کە دەڵێن : ئاو سەرەڕای ئەو سیفەتە سەرەکیانەی کە هەیەتی وەك بارستایی و قەبارە و کێش ... هتد ، هەندێ سیفەتی زۆر گرنگی هەیە کە مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی لێیان بکۆڵێتەوە شێوەکارییەك و ڕێکخستنی تێدا دەبینێت ، وەکو دەزانین ئاو سێیەکی سەر ڕووی زەوی داگیرکردووە کە ئەویش کاریگەیەکی زۆری هەیە لەسەر کەش و پلەگەرمی ، ئەگەر ئاو یەکێك لە سیفەتەکانی لەدەست بدات ئەوا گۆڕانێکی زۆر ڕوودەدات لە پلەی گەرمی سەرزەوی و دەبێتە هۆی ڕوودانی کارەسات و کەوتنەوەی گرکان ، لەو سیفەتە گرنگانە ئەوەیە کە ئاو پلەیەکی توانەوەی بەرزی هەیە کە ئەویش دەبێتە هۆی مانەوەی بەشێوەی شل بۆ ماوەیەکی زۆر ، ئاو پلەیەکی گەرمی بەرزی هەیە وادەکات پلەی گەرمی زەوی بەجێگیری بمێنێتەوە نەبێتەهۆی ڕوودانی ئاگرکەوتنەوە و گرکان ، ئەگەر ئەم سیفەتانە نەبێت ئەوا ژیان لەسەر زەوی نەدەبوو ، بەڵام ئاو بۆتە هۆی دروستکەری چالاکی زیندەوەر لەسەر زەوی بە ڕێژەیەکی زۆر ، ئاو چەند سیفەتێکی تاکی هەیە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە داهێنەری ئەم گەردوونە کێشاویەتی و دروستی کردووە وەکو چۆن بونەوەرەکانی تری دروست کردووە ، لەو سیفەتانەش وەکو سیفەتی چڕی کە تاکە ماددەیە کاتێك دەیبەستێت ( دەبێت بە سەهۆڵ ) چڕیەکەی کەم دەبێتەوە ، ئەم سیفەتەش گرنگیەکی زۆر گەورەی هەیە لە ژیانی گیانلەبەرانی ڕووبار و دەریاکان ،کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی سەهۆڵ بەسەر ئاودا لەوەرزی سەهۆڵبەندان ، ئەمەش چینێك سەهۆڵی پتەو دروست دەکات کە سەر ئاوی ڕووبار و دەریاکان دەکەوێت لە جیاتی ئەوەی نوقم بێت ، ئەم سیفەتەش بۆتە پارێزەری ئاوی ڕووبار و دەریاکان لە بەستن و مانەوەی ئەو زیندەوەرانەی کە تێدا دەژین بە زیندوویی لە وەرزی زستاندا .

لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەگەر دروستکەرێك و نەخشە دانەرێکی بەتوانا و شارەزا و بەدەسەڵات نەبوویێت بەم شێوەیە ئاو دروست بکات ئەوا مرۆڤ نەیدەتوانی بژیت ، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمووێ : ﴿ وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴾ ( سورة الأنبياء : ٣٠ ) ، چونکە ژیان بەستراوە بە ئاوەوە ، ئەگەر ئاو ئەو سیفەتە گرنگانەی نەبوایە ئەوا لە هاویندا هەموو ئاوی سەرزەوی دەبوو بە هەڵم و لە زستانیشدا دەبوو بە سەهۆڵ و ژیان نەدەما . لێرەشدا دەبێت ئێمەی بێدەسەڵات و بێ توانا بە خۆماندا بچینەوە و بزانین کە خوایەك دەسەڵاتی بەسەرمانەوەیە کە هەر ئەو خاوەنی ڕۆژی دوای و ڕۆژی پاداشت و سزایە ، وە لەخوای گەورە داواکارین کە ڕێگەی ڕاستمان پیشان بدات وە بە بەزەیی خۆی لێمان ببورێت .

وصلى الله على محمد و على آله وصحبه وسلم

**حیدر عدنان . دەرمانسازی . هەولێر**

## ئاگەدار بن زۆربەمان نەفرەت لێکراوین !!!

موسڵمانان ئاگەدار بن زۆربەمان نەفرەت لێکراوین ، هەندێکمان ئاگامان لێ نیە و هەندێکیشمان خۆمانی لێ گێل ئەکەین ، ئەمەش قسەی باخەڵی من نیە و مەبەستیشم ئەوە نیە بتانترسێنم ، بەڵکو ئەو قسەیەی سەرەوە حەقیقەتێکە و کەسێك ئاگەدارمان ئەکاتەوە لەخۆیەوە قسەی نەکردوە ، بەڵکو کەسێکە خوای پەروەردگار لەبارەیەوە فەرمویەتی : ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى ﴾ ( النجم : ٣ ــ ٤ ) . واتە : قسەو گوفتاریشی لە ئارەز و و هەواو هەوەسەوە نیە ، ئەوەی کە ڕایدەگەیەنێت تەنها نیگا و وەحیی خوایە .

ئەوەی من باسی ئەکەم حەقیقەتێکە و پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ ئاگەداری کردینەتەوە لێی وەك لەم چەن فەرمودەیەی خوارەوە بەڕونی دیارە کە پێغەمبەر خوا ﷺ فەرمویەتی :

١ ـ " لعن الله الخمر وشاربها وساقيها و ... " ( رواه أبو داود ، وانظر : إرواء الغليل : ٢٣٨٥ ) .

واتە : خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە مەی ومەی خۆر و تێکەری و ... ئاشکرایشە زۆربەی لاوەکانمان بە کوڕ و کچیشەوە وەك لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانە بۆ ئەوروپا یان وەك خۆیان ئەڵێن بۆ خۆشی و لە بۆنەکان ئەیخوێننەوە کە حەق وایە لەکاتی خۆشی شوکری خوا بکەن ، یان ئەڵێن لە بێزاری و کێشە و موصیبەتەکانمان ئەیخۆینەوە کە پێویستە لەم کاتەش بە پاڕانەوە و داوای لێخۆشبوون و داواکردنی چارەسەر بۆ کێشەکانیان بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان ، بەڵام وای لێدێ دواجار دوچاری ئیدمان ئەبن و ئامادە ئەبن هەموو تنازلێك بکەن و هەموو کارێکی خراپ بکەن بۆ بەدەست هێنانی پارەی کڕینی مەشروب یان بۆ پەرداخێك یان قومێك مشروب ، حەق وایە لێردەدا لەخۆیان بپرسن مەشروب خوارادنەوە چ خۆشیەکی تیایە لە کاتێکدا ئەبێتە هۆی ئەوەی پەروەردگار نەفرەتمان لێبکات ؟!!

**یان چی لەدەست دێ بۆ چارەکردنی کێشەکانمان ؟؟!**

٢ ـ " لعن الله المتشبهين من الرجال بالنساء ، والمتشبهات من النساء بالرجال " ( رواه البخاري ) .

واتە : واتە: خوا نەفرەتی کردووە لەو پیاوانەی کە خۆیان دەچوێنن بە ئافرەتان، وە لەو ئافرەتانەی کە خۆیان دەچوێنن بە پیاوان .

هەروەها ئەفەرموێ : " لعن الله الرجل يلبس لبسة المرأة ، والمرأة تلبس لبسة الرجل " ( صحيح سنن أبي داود : ٤٠٩٨ ) .

واتە : خوا نەفرەتی کردووە لەو پیاوەی کە پۆشاکی ئافرەت دەپۆشێت، وە لەو ئافرەتەی کە پۆشاکی پیاو بپۆشێت.

ئەم دیاردەیەش لەنێو لاوەکانمان بە کوڕ و کچەوە زۆر بە ڕونی دیارە ، ئێستا زۆربەی کچان لە جل و بەرگیان خۆیان بە کوڕان ئەچوێنن و ( پانتۆڵ و قەمیس و تیشێرتی تەسك و ... هتد ) لەبەر ئەکەن ، کە تاساڵانێکی زۆر پێش ئێستا بە جلی کوڕان ناسراو بوو تەنانەت شێوەی چاك کردن و کورت کردنەوەی قژیان لەسەر شێوە و مۆدێلی کوڕانە ، لە بەرامبەردا کوڕانیش قژیان وەکو کچان درێژ ئەکەن و ئەو جۆرە مکیاج و شتانەی کچان بۆ خۆ جوان کردنەوە بەکاری ئەهێنن و بۆ کچانیش حەرامە ئێستا زۆرێك لە کوڕانیش بەکاری ئەهێنن ، ئەمە جگە لەوەی کوڕان ئاڵتون لەدەست و لەمل ئەکەن کە تایبەتە بەکچان و بۆ کوڕان حەرامە و خۆ شوبهاندنە بە کچان . کە لێیان ئەپرسی بۆ وا ئەکەن ئەمە ناشەرعیە ئەڵێن ئەمە مۆدێلی ئێستایە ( من لەگەڵ عام یان عام لەگەڵ من ) ئەمە لە کاتێکدا هەر هەموومان کفنەکانمان سادەیە و لەوەتەی هەبووە مۆدیلەکەی نەگۆڕاوە و هەر بەسادەیی ئەمێنێتەوە و ناشگۆڕێت .

کێ هەیە بتوانێ نکوڵی لەوە بکات کە لەم ڕۆژگارەمان زۆربەی کچان و کوڕانمان لە شێوە لەیەك ئەچن !!! ، تەنانەت جۆرە جلێك هەندێ لە کچان لەبەری ئەکەن هێندە تەسك و تەنکە هەندێ لە کوڕانیش لەڕویان هەڵنایەت لەبەری بکەن . بەهۆی ئەو پەڕۆ بێگیانانەوە زۆرێکمان خۆی توشی نەفرەت ئەکات ، لێرەشدا ژیری و بێ عەقڵی مرۆڤەکانمان بۆ دەرئەکەوێ .

هەروەها نەفرەت کراوە لە جۆرە ئافرەتانێك کە نە داپۆشراون و نە ڕوتن وەك لە فەرمودەیەکدا وەسفیان هاتوە ئەڵێ " كاسيات عاريات " ، واتە : نە داپۆشراون ، و نە ڕووتن ، سەبارەت بەمانە ئەفەرموێ : " العنوهن فإنهن

ملعونـات " ، واتە : نەفرەتیان لێ بکەن ئەوانە نەفرەت لێکراون. ئەمانەش ئەو جۆرە ئافرەتانەن کە سەریان داپۆشراوە و پانتۆڵ لەپێ ئەکەن یان محجبەن و جلی تەسك لەبەر ئەکەن یان سەرپۆشەکانیان ناشەرعیە ، بەهەر حاڵ ئەو جۆرە ئافرەتانەن کە جلەکانیان بەناو شەرعیە و لەڕاستیدا ناشەرعیە .

٣ ـ " لعن الله الواشمات والمستوشمات والواصلات والنامصات والمتنمصات " ( حديث صحيح ) .

واتە : خوای پەروەردگار نەفرەتی کردووە لەوانەی کە خاڵ دەکوتن ولەوانەیش کە بۆیان دەکوترێت ، ئەوانەی کە قژی دەست کرد ( باروکە ) لە سەریان دەکەن. وە ئەوانەی کە برۆ و موی دەم و چاو بۆ خەڵکی هەڵ دەگرن و ئەوانەیش کە خۆیان هەڵی دەگرن .

ئەمانەش لەم ڕۆژگارەماندا پەرەی سەندوە و لە زۆربووندایە :

* خاڵ کوتان : خاڵ کوتان ئێستا زۆر باوە و بوەتە مۆدێل لەنێو کوڕان و کچانیشدا ، جا چ ئەو خاڵانەی بە دەرزی ئەکوترێ یان ئەوانەی بە ( طبع ) ئەیدەن لە باڵ و جەستەیان ، یان بە مەکینەی تایبەت ئەیکوتن کە بە خاڵی ( تاتۆ ) ( TATO ) ناسراوە ، ئەمەش بە بیانوی جوانی و مۆدێل ، جا نازانم چ دڵخۆشیەکیان بەو مۆدیلە هەیە توشی نەفرەت لێکردنیان بکات ، بۆیە خاڵ کوتان بە هەموو جۆرەکانیەوە حەرامەو نەفرەت کراوە لە ئەنجامدەرانی .

* بەکارهێنانی قژی دەست کرد: هەواڵی ئەوەم پێگەیشتوە کە هەندێك لە فێرخوازان ( باروکە ) قژی دەست کرد بەکار ئەهێنن کە ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی لە جوملەی ئەو کەسانە بن کە نەفرەتیان لێ کراوە .

* هەڵگرتنی موی دەم و چاو : لەمەشیان زۆرینەی هەرە زۆری کوڕان و کچان بەشدارن لەم تاوانە گەورەیە .

زۆربەی زانایانی ئاینی و هەموو زانایانی زمانەوانی کۆڕان لەسەر ئەوەی کە ( نمص ) مووی هەموو دەم و چاو ئەگرێتەوە نەك وەك ئەوەی هەندێ کەس بەهەڵە تێگەیشتون کە ( نمص ) تەنها برۆ باریك کردنەوەیە . بەڵکو ( نمص ) واتە هەڵگرتنی موی دەم و چاو بە گشتی .

کەواتە ئێستا زانیمان ئەنجامدەری ئەو تاوانانەی سەرەوە نەفرەت لێکراون ، بەڵام بیرتان کردۆتەوە لەوەی نەفرەت لێکردن مانای چیە ؟ واتە : بێ بەش بوون و دەرچوون لە ڕەحمەتی خوا ، ئاشکرایشە هیچ کەسێك بەکردەوەی خۆی ناچێتە بەهەشتەوە ئەگەر ڕەحمەتی خوا نەبێ ، کەچی زۆرێکمان بۆ خۆشیەکی کاتی خۆمان لەو ڕەحمەتە گەورەیە بێبەش ئەکەین . لەکاتێکدا ڕەنجانی دڵی برادەرەکانمان زۆر قورسە بەلامانەوە کەچی زۆرێکمان ئاساییە بەلایەوە ئەگەر بێبەش بێ لە ڕەحمەتی خوا و گوێی ناداتێ .

ئەی لەخۆتان پرسیوە کێ نەفرەتی لێ کراوە ؟ شەیتان و فیرعون و ابو جهل و بێ باوەڕان و ... هتد . ئەمانە لە ڕەحمەتی خوا بێبەشن ، ئایە تۆیش ڕازیت هاوڕێی ئەمانە بی و لە ڕەحمەتی خوا بێبەش بیت ؟؟

دەسا بە خۆتا بچۆرەوە ، وە ئەگەر تا ئێستا نەتزانیوە ئەو کردارانە حەرامن ئەوا لەئێستاوە کە زانیت حەرامن وازیان لێبهێنە و خوای پەروەردگاریش لەو تاوانانەت خۆش ئەبێ کە بە نەزانین ئەنجامت داوە . وە ئەگەر زانیوتە حەرامن و بەردەوام بویتە لەسەری ئەوا هەر لە ئێستاوە پەشیمان بەرەوە و تۆبە بکە و ﴿ عَفَا اللّهُ عَمَّا سَلَف ﴾ بەڵکو خوای پەروەردگار تاوانەکانت بۆ بگۆڕێتەوە بە چاکە .

ئەوەی مابێت باسی بکەین دونیا کاتیە و تەواو ئەبێت بەڵام قیامەت هەتاهەتاییە و کۆتایی نایەت بۆیە بۆ خۆشیەکی دروست کراوی خەیاڵی خۆت قیامەت لەدەست خۆت مەدە ، بەکورتی : بۆ ڕازاندنەوە ئەم ماڵە کاتیەی دونیات ماڵی هەتاهەتایی قیامەتت کاول و وێران مەکە . ئەگەر وات کرد ئەوا تەنها خۆت بەرپرسیاریت و تحملی ئەو هەموو سزا و بەڵایە بکە کە ئەیهێنیتە سەر خۆت چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێ :﴿ مَنْ عَمِلَ صَالِحاً فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاء فَعَلَيْهَا وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ ﴾ ( فصلت : ٤٦ ) .

واتە : ئەوەی چاکە بکات پاداشتی چاکەکەی بۆ خۆیەتی ، ئەوەیش خراپە و تاوان بکات هەر لەسەر خۆی ئەکەوێت ، دڵنیابە کە پەروەردگارت بچوکترین ستەم لە بەندەکانی ناکات .

م . هاوار عبدالله . کۆمەڵایەتی

## ئەدەب لەگەڵ ( الله ) پەروەردگاری بەرز و بڵند

**ئەدەبی موسڵمان لەگەڵ خوای گەورە دیار دەكەوێت :**

**كاتێك سوپاسی پەروەردگار دەكات لەسەر ئەو نیعمەتانەی پێی بەخشیوە ...**

﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللّهِ ﴾ ( النحل : ٥٣ ) ﴿ وَإِن تَعُدُّواْ نِعْمَةَ اللّهِ لاَ تُحْصُوهَا ﴾ ( النحل : ١٨ ) .

**شەرم لە پەروەردگاری دەكات لەو كاتەی مەیلی بۆلای ئەوە دەچێت تاوان ئەنجام بدات ...**

﴿ مَّا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا ﴾ ( نوح : ١٣ ــ ١٤ ) ﴿ وَاللّهُ يَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ ﴾ ( النحل : ١٩ ) .

**بەڕاستی و دروستی دەگەڕێتەوە بۆلای لەكاتی پەشیمانی ...**

﴿ مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلاَّ هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا ﴾ ( هود : ٥٦ ) ﴿ فَفِرُّوا إِلَى اللَّهِ إِنِّي لَكُم مِّنْهُ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴾ ( الذاريات : ٥٠ ) .

**پشت بەپەروەردگار دەبەستێت و داوای نیعمەتەكەی دەكات ...**

﴿ وَعَلَى اللّهِ فَتَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾ ( المائدة : ٢٣ ) ﴿ وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ ﴾ ( الأعراف : ١٥٦ ) ﴿ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ ﴾ ( سورة الزمر : ٥٣ ) .

**دەترسێ لەتوڕەیی و سزای پەروەردگار و گومانی چاكی پێ دەبات لەبەجێ گەیاندنی پەیمانەكانی ...**

﴿ وَلَكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ اللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ وَذَلِكُمْ ظَنُّكُمُ الَّذِي ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَاكُمْ فَأَصْبَحْتُم مِّنْ الْخَاسِرِينَ ﴾ ( فصلت : ٢٢ ــ ٢٣ ) .

**دەترسێ لە جێ بەجێ كردنی هەڕەشەو گوڕەشەكانی لەسەر ئەو بەندانەی كە خۆی دەیەوێ ...**

## Ethics with Allah the Great and Almighty

The behavior of Muslim with Allah is remarked by politeness:

When he thanks Allah for his graces…

(And whatever favor you have, (then) it is from Allah) … (And in case you number the favor(s) of Allah, you will not enumerate them)

Becomes shy of Him when he is about to commit a sin…

(For what (reason) you do not hope to get reward from Allah for having reverence towards Him, and he already created you by stages?) (And Allah knows whatever you keep secret and whatever you make public)

Turns truly to Him in repentance…

(In no way is there any beast whatever except that he is taking it by the forelock) (So flee to Allah! Surely I am an evident constant warner from Him to you)،

Trusts in Allah seek his mercy…

(And put all your trust in Allah in case you are believers) (And My mercy has embraced every thing) (Do not feel despondent of the mercy of Allah)

Fears His indignation and has a good judgment of him concerning keeping his promises…

(but surmised that Allah does not know much of whatever you did … and that (was) the surmise you surmised about your Lord; it has toppled you; so you become among the losers)

Fears implementing His treat upon the worshippers chosen by Him…

**سەرچاوە: منهاج المسلم**

E . **م . رزگار محمد**